hewalname.com/ku/

# ستایش

hewalname.com/ku/

# ستایش

شیعری
سان ژۆن پێرس

وەرگێڕانی لە فرانسییەوە
د. موحسین ئەحمەد عومەر

hewalname.com/ku/

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٨٢٥)
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.info

سەرچاوەی فرانسی
Saint John PERSE. Eloges. Gallimard. 1960.

hewalname.com/ku/

■ **ستایش**

نووسینی: سان ژۆن پێرس

وەرگێڕانی لە فرانسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر

بابەت: شیعر

دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٢٠٠٠ دینار

چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٧ کوردستان ـ سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٤٤٦)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

■مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

# پێشەکی

سان ژۆن پێرس ناوی ڕاستەقینەی (ئەلێکسی سان لێژێ لێـژی)یە، سـاڵی ١٨٨٤ لەدایکبـووە و سـاڵی ١٩٧٥ لە پـاریس کـۆچی دوایـی کـردووە. سـاڵی ١٩٦٠ خەلاتـی نـۆبڵی ئەدەبـی وەرگرتووە.

پێرس یەکێکە لە شـاعیرە هەرە نوێخوازەکانی فرانسی، لە دوای بۆدلێر و ڕامبۆ و پۆل ڤالێری، وەرچەرخـانێکی گەورەی خستووەتە ناو شیعری نوێی فرانسی. ئەمەش لە سـەردەمێکدا بـوو، مـاوەیەکی زۆر بـوو، شـیعری فرانـسی کەوتبـووە نـاو جۆرێـک لە مەنگبـوون، یـان جۆرێـک لە ئـاژاوە و ئـاپۆڕەی شـیعری. سـەرەتاکانی ئەزمـوونی شـیعری سـان ژۆن پێـرس دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم.

سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئەدەبی فرانسی بە سـەردەمی نوێبوونەوە و وەرچەرخان دادەنرێ، ئەمەش تا دەگاتە ئەدەب و هـونەری ئەڤانگـاردی سـالانی سـییەکان درێـژە دەکێـشێ، هەموو بوارەکانی ئەدەبی و هـونەری و کولتووری و سیاسـی و ئـابووری دەگـرێتەوە. ئەم مـاوەیە بە تـایبەتی، لە بـواری

ئەدەبی و هونەری بە شۆڕشێکی گرنگ دادەنرێ، لە بواری ڕۆمان، بڵاوبوونەوەی ڕۆمانە مەزنەکەی پروست "گەڕان بە دوای زەمەنی لە دەستچوو." لە ساڵانی بیستەکان، هەموو نەخشە و هونەری ڕۆمان بە جارێ دەگۆڕێ و وەک شاکارێکی نایاب، هونەری ڕۆمان دەگەیەنێتە چڵەپۆپەی هونەری و گەشەسەندنێکی دیی زۆر تازە، لەولاشەوە لەگەڵ شیعری ئەپۆلینێر و ئەزموونی سەرنجڕاکێشی شیعری پۆل ڤالێری و ئەزموونی ئەدەبی و هونەری داداییزم و سوریالیزم، گەشەسەندنێک و دەوڵەمەندبوونێکی زۆر سەرنجڕاکێشی ئەدەبی و هونەری سەرهەڵدەدا. لەم نێوانەدا، ئەزموونی شیعری سان ژۆن پێرس، لابەلا بێ ئەوەی خۆی تێکەڵی هیچ لەم بزووتنەوانە بکا، بە یەک ئاست و لەمانەش بەرزتر گەشەی کردووە، بۆیە، ئەزموونی پێرس بە ئەزموونێکی شیعری زۆر ناوازە و دەگمەن لە قەڵەم دەدرێ، هەر لە سەرەتاوە وەک بلیمەتییەک یان پیشەسازییەکی ناوازەی ئەدەبی هەستی پێ دەکرێ. شاعیر ئەوپەڕی تایبەتمەندیی شیعری و هونەری خۆی هەیە و ئەمەش لە شیعرەکانی وەک شێواز و جیهانبینی و خەیاڵ و زمان ڕەنگی داوەتەوە. ئەو جیهانێک و شیعریەتێک و فۆرمێکی شیعری تازەی داهێناوە کە تەواو ڕووخسارەکانی شیعری تازەگەریی بەرجەستە دەکەن.

سان ژۆن پێرس، بە درێژایی ژیانی لە بواری دیپلۆماتی کاری کردووە. لە ساڵی ١٩١٤ بەولاوە دەچێتە ناو ئەم بوارە. ساڵی ١٩١٥ وەک دیپلۆماتێک دەنێردرێتە چین، لەوێ لەگەڵ شاعیر و ئارکیۆلۆژ و ئیتنۆگرافی ناسراوی فرانسی "ڤیکتۆر

سێگالا" یەکتر دەبینن و لە شاری پەکین ماوەیەکی زۆر بە یەکەوە دەژین. پاشان بە یەکەوە ساڵی ١٩١٦، سەفەرێکی درێژی ئاسیای ناوەڕاست دەکەن و تەواوی چین و وڵاتانی دەوروبەر دەگەڕێن. ئەم سەفەرە درێژە لە قەسیدەی "ئاناباز" بە جوانی ڕەنگی داوەتەوە.

لە سەروبەندی پێش جەنگی دووەمی جیهانی، وەک نێردراوی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فرانسا بەشداری لەو دانوستانانەدا دەکا کە حکومەتی فرانسی هەیبووە لەگەڵ ئەڵمانیا، بۆ ڕێگەگرتن لە شەڕ.

وەرگێڕانی شیعری سان ژۆن پێرس بۆ کوردی، یان هەر زمانێکی تر، کارێکی سەخت و تاقەتپڕووکێنە، کاری زۆر و گەڕانی زۆر و هێمنیی زۆری دەوێ. چونکە زمانی شیعریی پێرس زمانێکە، دەتوانین بڵێین چەندان ڕووخسار و بچمی هەیە، زۆر هاوچەرخ و زۆر نوێخوازە، لەولاشەوە شێوازێک یان ڕووخسارێکی تر هەیە، کە وەک ڕیتمێک بە ڕیتمی شیعری داستانسەرایی دەچێ، بەڵام ئەم داستانسەراییە پڕە لە وێنە و ڕەمز و مێتافۆر و دژیەک، وێڕای بوونی دەیان وێنەی نوێی شیعری کە دەشێ بە خەسڵەتی شیعری سەدەی بیستەم، یان هیی تازەگەری دابنێین، کە لەم حاڵەدا هەندێ جار لە سوریالیستەکان نزیک دەبێتەوە، بێ ئەوەی شاعیر دوورونزیک پەیوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیە هەبێ. هەندێ لە ڕەخنەگرانی فرانسی پێیان وایە پێرس زمانێکی شیعری خیتابیی هەیە، ئەمەش زۆر لە زمانی شیعری ڕامبۆ نزیکە، بێگومان ڕامبۆیەکی دی، هەڵبەت شێواز و

جیهانبینی و هونەری پێرس زۆر جیاوازە لە هیی ڕامبۆ، شیعری ڕامبۆ هەڵکەوتێکی خۆڕسکی و ئیلهامییانەی هەیە، بەڵام لە لای سان ژۆن پێرس ئاودیوبوونە لەم خۆڕسکی و ئیلهامە، شیعر پیشەسازییەکی دەگمەنە و لە هەمان کاتدا هونەرێکی زۆر سەختە. مەسەلەکە هەر ئەوەندە نییە هەستێکت لە لا دروست بێت و بیهۆنیتەوە، بەڵکو دەبێ‌شاعیر ساختمانێک دروست بکا، ئەم ساختمانە جیهانێک بێت لەو مەحاڵە نزیک بێتەوە کە ئینسان بەدوایدا وێڵە. وێڵیی ئینسان هەردەم بابەتێکی گەڕانی فەلسەفە و زانستەکان و خەباتی ئینسان بووە، بە دوای خۆیدا، بە دوای ئەوی تردا، بە دوای جیهانێک کە ئاواتی خۆیەتی. بۆیە کە شیعری پێرس دەخوێنینەوە، خەیاڵمان بۆ ئەوە دەچێ شاعیر بۆ دروستکردنی جیهان و زمان و شێوازی شیعری نوێ، ئەبێ بە قەت هەموو فەیلەسووف و مێژوونووس و زمانناسەکانی دنیا کار بۆ هونەرەکەی خۆی بکا. لێرەشەوە پێگە و بایەخ و ماهیەتی شیعر دەردەکەوێ کە هونەرێکە دەشێ‌ببێتە چارەنووسی ئینسان. زۆر جار ڕەخنەگرەکانی فرانسی گوتوویانە سان ژۆن پێرس ویستویەتی بە وشە و خەیاڵ و هونەری شیعری خۆی، سەمفۆنیا دابڕێژێ، یان وەک نیگارکێشە ناسراوەکان تابلۆی مەزن بە وشە و خەیاڵ بکێشێ، ئەم ڕوانینەش بە سەرنجدان لە شێوازی ئەو بە جوانی هەستی پێ دەکرێ، لە شیعری پێرسدا لە دێڕەکان و نێوان دێڕەکاندا جووڵە و بزووتن و هەڵسان و دابەزینێکی زۆر هەیە. شیعری ئەو وەک تۆفانێکە لە هەست و بینین، دەریایەکی شێت و دەشتێکی هێمن و

سێبەرێکی فێنکی بن درەختێکی ناو گەرمای سەحرایەکی قاقڕ و بکوژ، مانای ئاهەک، پیرۆزەیی ئاسمانی جۆزەردان و بەهاری تەڕ و زستانی هەڵایساوی ناو بای بەتین و بەفری زۆر سپی و ڕوانینەکانی مرۆڤ کە تێیاندا لەناو ئەم پێکهاتانەدا هەست بە شادی و بێهوودەیی دەکات...

لە ڕوانگەی منەوە، لە پرۆسەی وەرگێڕاندا دەبێ پشت بە ناسین و دنیابینی و شارەزایی زۆر ببەسترێ لەو بابەتەی وەردەگێڕدرێ، من لە هەڵبژاردن و وەرگێڕاندا نزیکی فیکری و نزیکی جیهانی ئەدەبی لە ڕوانین و بیرکردنەوەی خۆم لە بەرچاو دەگرم، کارێک ناکەم بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکان، هەر وەکو باوە لە ناوەندی وەرگێڕانی ئەمڕۆی کوردی، کە چ بێ سەروبەرییەکە، پاشان وەرگێران لە زمانی سێیەم و چوارەم لەناو کورددا بووەتە مۆدەیەک و خەڵک خۆیانی پێ سەرگەرم دەکەن.

من باوەڕم وایە هەر پڕۆژەیەکی وەرگێڕان هەبێ، دەبێ پڕۆژەیەکی فیکری و ئێستێتیکیی لە پاڵ بێ، ئەمەش هیچی لەو داهێنانانە کەمتر نییە کە لە دەرەوەی وەرگێڕاندا دەکرێ، بە پێچەوانەوە دەبێتە دابینکردنی پێداویستیی کۆمەڵایەتیی خوێنەری کورد، منیش تەواو دژی ئەم هەڵکەوتەم، لەبەر ئەوەی وەرگێڕان دەبێ بە پلان و نەخشە و دنیابینیی فیکری و ئێستێتیکی بکرێ، نەک هەڵبژاردنی هەڕەمەکی و کەوتنە ژێر کاریگەریی بابەتی هەڵبژێردراو لەگەڵ یەکەم خوێندنەوە، کە بەداخەوە ئەمڕۆ لەناو ناوەندی وەرگێڕانی کوردی ئەمە باوە.

لەم وەرگێڕانەی بەردەست، هەوڵم داوە شیعریەتی سان ژۆن پێرس بگوازینەوە، تا ڕادەیەکی زۆریش من باوەڕم بەوە هەیە کە هەموو وەرگێڕانێکی باش و ناوازە، سەرلەنوێ خوێندنەوە و نووسینەوەی بابەتەکەیە، لە هەمان کاتدا سەرەڕای گواستنەوەی شیعریەتی سان ژۆن پێرس، لەگەڵ زمان و شێوازی ئەو بە ئەمانەتەوە کارمان کردووە، من هەوڵم داوە هەموو زمانی کوردی بە گژ ئەم هەڵبژاردە شیعرەی سان ژۆن پێرسەوە بنێم، لەو باوەڕەدام تا ڕادەیەکی باش توانیومانە تێیدا سەرکەوتوو بین، بێگومان لەوەش دڵنیام کە بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام پێمان خۆشە، ئەگەر ڕۆژێک ڕەخنەگرێکی وەرگێڕان چاوی لێ بکا، بەو هیوایەین لە ڕوانگەیەکی زمانەوانیی دەوڵەمەند و ڕوانینی فیکری و ئێستێتیکی بیکا، نەک بە پێچەوانەوە.

لەم هەڵبژاردەیە، وەرگێڕانی قەسیدەی "ئاناباز" بە تەنیا ماوەی یەک ساڵی خایاندووە، بەڵام ئەوانی دی وەختی کەمتر ویستووە. لە کۆتایشدا پەراوێزمان بۆ لێکدانەوەی تەواوی ناو و ڕەمزەکان داناوە.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**
**٢٠١٦/٠٢/٢٢**

hewalname.com/ku/

# نووسینی سەر دەرگا

پێستێکم هەیە ڕەنگ توونن و سووری مەخمەڵی پاپونج
شەپقەیەکم هەیە لە نیانیی بەلاڵوك داپۆشراو بە تارای سپی
دڵبڵندیم ئەوەیە کچکەم زۆر جوان بێ
کە داوا لە ژنە ڕەشەکان دەکا،
شادییم، ئەوەیە کچەکەم باسکێکی زۆر سپی
لەنێو مریشکە ڕەشەکانی خۆی بدۆزێتەوە و
شەرمی نەبێ لە ڕوومەتی چرچی مواویم
کە بە قوڕاوی ئەگەڕێمەوە.

***

سەرەتا قامچیی خۆمی دەدەمێ، مەتارەکەم، شەپقەکەم
وێڕای پێکەنین بە بچمی ڕژاوم
دەستە چەورەکانم بۆ ڕووخساری خۆی دەبا
دوای پشکنینی بادامی کاکۆ، تۆوی قاوە.
ئینجا دەستەسڕێك لە سەرێکی بە ورشەی بام
بۆ دێنێ و کراس لە پەشم و ئاوی سازگار
بۆ گوشینی ددانە بێدەنگەکانم و
ئاوی ناو تەشتەکەشم لێرەیە و
گوێم لە ئاوی ناو ستێرکی ناو خانیلکە ئاو دەبێ.

***

hewalname.com/ku

پیاوێك سەختە، كچەكەی ناسكە. دەبا هەردەم خۆی ڕاگرێ
لە گەڕانەوەی لەسەر بڵندترین پایەی كۆشكی سپی و
ناز بداتە ئەسپەكەی لە توندكردنی ئەژنۆكانی،
ئەو تا-یەی بیر دەچێتەوە كە هەموو پێستی ڕووخسار
بۆ ناوەوە ڕادەكێشێ.

***

هێشتا سەگەكانی خۆم خۆشدەوێن، بانگی ئەسپی هەرە ناسكم و
بینینی پشیلەكەم لە كۆتایی لای ڕاستی لاكۆڵان
لەگەڵ مەیموونەكە دەردەچێ...
هەموو شتێك بۆ ئەوەی چاومان لە چارۆكی چارۆكەدارەكان نەبێ
كە لە بەرزایی بانە لە تۆتیاكان دەیانبینم
لەسەر دەریا وەك لەناو ئاسمان.

hewalname.com/ku

# وێنەکانی کروزۆیێ[١]

**زەنگەکان**

پیرەپیاوێکی دەستڕووت،
گەڕاوە بۆ ناو پیاوان، کروزۆیێ!
وام دەزانی، ئەگریێ، کە بینیم بورجەکانی کڵێسا، وەك شەپۆلێك
هەنسکی زەنگیی بەسەر شاردا بڵاودەکردەوە...
ئای بێنەوا!
تۆ دەگریای خەون بە تاوێرەکانی لێوارەوە ببینی لەبن مانگ،
بە دەنگ و فیکەی هەرە دوورترین کەنارەکان،
بە ئاوازی سەیر و ناوازە کە لەبن باڵی داخراوی شەو لەدایك دەبوون و کپ دەبوونەوە،
ئەمانەش هەروەك بازنە دەورەدراوەکـانن، وەك هاشـەی نـاو سـەدەف، بڵندبوونەوەی سەدا و بانگکردنەکانی بن دەریا...

hewalname.com/ku

[1] کرۆزۆیێ: پاڵەوانی ڕۆمانی دانیەل دوفۆ: ڕۆبنسن کرۆزۆیێ.

# دیوار

لادیوارێك بەرامبەر، بۆ پاڕانەوە لە بازنەی خەونت.
بەڵام وێنە قیژەی خۆی دەچێنێ
سەر لەسەر پشتی سەرینی قەنەفەیەکی چەور،
بە زمانت ددانەکانت دەپشکنی: تامی چەوری و
شلەی هەوکردووی پووگەکانت و
تۆ بیر لە هەورە پاکەکانی سەر دوورگەکەت دەکەیتەوە،
لەو دەمەی بەرەبەیان سازگار دەبێ لە کن ئاوە پەنهانەکان.
... ئەمە ئارەقەی شیلەیە لە مەنفا،
چۆڕاوی تاڵی گیا ئاوریشمینەکانە،
غەمزەی تیژی دارمەنگی گۆشتن و
ترشی بەختەوەری شیلەیەکی ڕەشی ناو توێکڵە.
هەنگوینی کێویی مێروانە لەناو داڵانەکانی درەختی وشك.
تامی میوەی سەوزە، مزر دەبێ بەرەبەیان کە تۆ دەیخۆیتەوە، شیری خۆشکراو بە خوێی بای شەماڵ...
شادمانی! ئای شادمانیی بەڕەڵای بەرزاییەکانی ئاسمان!
چارۆکە پاکەکان بریقەیان دەهات،
حەوشە نادیارەکان بە گیاکان چێندراون و
سەوزاییە بەتامەکانی خاکیش
خۆیان بە سەدەکانی ڕۆژێکی درێژ دادەهێنا...

hewalname.com/ku/

# شار

بانەکانیان بە  بەردی ڕەش، یانیش بە خشت داپۆشراوە
قەوزەی لێ شین دەبێ.
هەناسەیان لە کلاوڕۆژنەکان دێنە دەرەوە و پەشوبلاو دەبنەوە،
پیو!
بۆنی پیاوانی بەلەز، وەك لە کوشتارگەیەکی بێتام،
بۆنی تیژی جەستەی ژنانی بن ژوپ-ەکانیان!
ئای شاری سەر ئاسمان!
پیو! پشی وەرگرتنەوە و دووکەڵی میللەتێکی زۆر گوماندار، چونکە هەموو شارێك بۆن هەڵدەواسێ. لەسەر ڕۆژنەی دوکانەکان، لەسەر زبڵدانی میوانخانە، لەسەر بۆنی شەرابی شینی گەڕەکی دەریاوانەکان، لەسەر نافورەی حەوشەی مەخفەری پۆلیس، لەسەر پەیکەرەکان لە بەردی زۆر گەییو و لەسەر سەگە زۆر وێڵەکان، لەسەر ئەو منداڵە چکۆلەی فیکە لێ دەدا و ئەو دەرۆزەکەرەی ڕوومەتەکانی لە قووڵایی شەویلاگەکانی هەڵدەلەرزێ، لەسەر گوربەی نەخۆش کە سێ تاڵە مووی لە هەنیەیە،
ئێوارە، بەناو دووکەڵی پیاوەکاندا دێ...
شار لەناو ڕووبارەوە وەك دوومەڵێك دەڕژێتە دەریا...
کروزۆیێ، ئەم ئێوارەیە نزیك دوورگەکەت، ئاسمان کە نزیك دەبێتەوە، ستایشی دەریا دەکا، بێدەنگییش سەرسووڕمانی ئەستێرە تەنیاکان زۆرتر دەکا.

پەردەکان دادەوە، هیچ دامەگیرسێنە:

hewalname.com/ku

ئیتر ئەمە ئێوارەیە لەسەر دوورگەکەت و لە دەوروبەری و لێرەولەوێ، لە هەموو شوێنێك کە لێی، بێ گوێدانە دەریا خۆی خۆی خڕ دەبێ، ئەمە ئێوارەی ڕەنگپەڕیوە، لەسەر ڕێگە چێنراوەکان بە ئاسمان و لەسەر دەریا.

هەموو شتێك خوێیاوییە، هەموو شتێك جیڕ و بگرە و گرانە، وەك ژیانی پلازماکان.

باڵندە لەناو پەڕەکانی، خۆی ڕادەژەنێ، لەبن خەونە پیوەکان، مێوە کاڵەکان، کەڕ بە مێرووەکان، دەکەوێتە ناو ئاوی دێو، لە هەراوزەنای خۆی دەگەڕێ.

دوورگە لەناو سێرکی ئاوە بەرینەکان دەخەوێ. شۆراو بە تەوژمە گەرمەکان و تۆی ماسیی پیو لەناو هاتوچوونی گوڵدانی بە باقوبریق. لەبن دار جەوەکان کە ماسییەکان پەرشوبلاڤ دەکەنەوە، ماسییە هێدییەکانی ناو قوڕ، بە سەرە پانەکانیان بڵق دەکەن و هیی دیش کە لەسەرەخۆن، کە وەك خشۆکەکان بەڵەکن، پاسەوانی دەکەن. گوڵدانەکان ئاوس دەبن، گوێیان لە دەنگی گیانلەبەرەکان دەبێ لەناو هێلکە لە توێکڵەکەی دەدەن، لەسەر پارچەیەك ئاسمانی سەوزیش دووکەڵێکی بەلەز هەیە، ئەمەش فڕینی تێکەڵوپێکەڵی پێشکەکانە، کلۆیەکانیش لەبن گەڵاکان بە ئەسپایی بانگی یەکتر دەکەن، گیانەوەرانی تریش کە ناسك و نیانن، خۆیان بۆ ئێوارە هەڵخستووە، سروودێکی ئەوەندە پاك دەچڕن، پاکتر لە هاتنی باران: ئەمەش قووتدانی دوو مەرجانە کە گەرووی خۆیانی پێ پف دەدەن...

خوڕەی ئاوە سووڕاوەکان و چریسکەدارەکان!

لالەیێ گوڵ، ورشە. ماتەمی کە لەناکاو سەرهەڵدەدا و گەشە دەکا! ئەمانە گوڵی مەزنن، بزۆکن و لە سەرفەردان، گوڵی زیندوو بۆ هەتاهەتایی و هەردەم لە زۆربووندان لە دنیایێ...

ئای ڕەنگی سرووە کە لەسەر ئاوە مەنگەکان دێیت و دەچی!

hewalnama.com/ku

دارخورماکانی دارخورمایەوان کە دەجوولێنەوە!
وەڕینی دووری سەگێکیش چییە نایێ کە مانای کوخ دەگەیەنێ، کە مانای کوخ دەگەیەنێ و دووکەڵی ئێوارە و هەر سێ بەردە ڕەشەکەی بن بۆنی بیبەر.
بەڵام شەمشەمەکوێرە بە خاوی، ئێوارە بە قیژە چکۆلەکەی شەق دەکا.
شادی! ئای شادیی بەرەڵای ناو بەرزاییەکانی ئاسمان!
کروزۆیێ! تۆ لێرەی: جا ڕووخسارت پێشکەش بە نیشانەکانی شەو کرا، وەك ناو لەپێکی هەڵگێڕدراوە.

***

## هەینی[1]

پێکەنینەکانی ناو خۆر
عاج! کرنۆشبردنی شەرمن، دەستیش بۆ شتەکانی زەمین...
هەینی! کە گەڵا سەوز بوو، سێبەری نوێت، دەستی ئەمەندە درێژیش بەرەو زەمین، کاتێ کە لە نزیك مرۆڤی بێدەنگ، تۆ لەبن ڕۆشنایی جووڵەت بە سێڵاوی شینی ئەندامەکانت دەکرد!
ئێستاش بۆیان کردیە دیارییەك لە خەرقەیەکی سوور. ڕۆنی چراکانت دەخواردەوە و خۆراکی ژاراویت دەدزی، کە چەور بوو بۆنی ماسی لێ دەهات، ئەوەندی هیرباری مس سپی بکەیتەوە چاوەکانت بووبوونە مەکرباز و پێکەنینیشت دووبارە.

---

[1] هەینی: ناوی پاڵەوانی دووەمی ڕۆمانی دانیەل دوفۆ: ڕۆبنسن کرۆزۆیێ.



hewalname.com/ku/

## تووتی

ئەمە یەکێکی ترە.
دەریاوانێکی لاڵ و پت دابوویە ژنێکی پیر ئەویش فرۆشتبووی.
ئەوەتا لەسەر پایەی پەیژەیە نزیك پەنجەرە، لەو شوێنەی خۆی تێکەڵ بە ڕەش دەکا تەمی خوێیاوی ڕۆژ ڕەنگی کۆڵان.
بە دوو هاوار، شەو، سڵاوت لێ دەکا کروزۆییێ، ئەگەر بە چاڵەکانی حەوشەدا دەهاتیتەوە، دەرگای داڵانت پاڵ دەدا و لە بەرامبەرت ئەستێرەی سستی چراکەت بەرز دەبووەوە. سەری خۆی دەسوورێنێتەوە بۆ سووڕاندنەوەی نیگای خۆی. مرۆی چرا! چیت لەوی دەوێ؟  تۆ سەیری چاوی خڕ دەکەی لەبن هەلاڵەی بەنازی پێڵوو، تۆ سەیری دووەم بازنە دەکەی وەك ئەڵقەیەك لە شیلەی مردوو. پەڕی نەخۆشیش دەکەوێتە ناو ئاوی ڕیخنەیی.

ئای کوێرەوەری! فوو لە چراکەت بکە.
باڵندە چریکەی خۆی خۆش دەکا.
***

## سەوی بزن

لەناو بۆنی بۆری خۆڵە، لەناو دارەڕێی عەمبارە.
لەبن مێزێکی سێ پێچکەیە، لەنێوان سندووقە لەو شوێنەی گوربەی لێیە و بەند لە ڕەگ جیا دەکاتەوە و لەوێ پەڕی لێ کەڵەکە کراوە.

hewalname.com/ku

## کەوان

بەرامــبەر بە دەنــگ و ســەدای ئــاگردان، لەبــن بەرگــی گوڵــدار ڕادەچڵەکی، دەبینی زمانەی نەرمی بڵێسە دەهەژێتەوە. بەڵام قرچەیەك سـێبەری دڵگیـر شـەق دەکـا: ئەمە کەوانـی تـۆیە لە بزمـاری خـۆی ڕادەپەڕێ و بە درێژایـــی ڕیـــشاڵە نهێنییەکـــانی دەبێـــتەوە، وەك پارچەیەکی مردوو لەناو دەست لە درەختی یاخی.

hewalname.com/ku/

## تۆ

لەناو گۆزەیەك شاردتەوە، تۆی گڵێنە لە بەرگی
بزنیت مایەوە.

شین نەبوو.

# کتێب

جا چ ڕووەکێك سەرەنجام لە سەردەمی ئـاگردان، ئێـوارەیەکی بـارانی، بێپایان ڕوو لە شار، لەناو دڵت لەدایکبوونی تـاریکی زمـانی دەهێنـا و دەبرد:

((... لە مەنفایەکی بریقەدارەوە و هێشتا دوورتر لەو زریانەی بەڕێوەیە، چۆن دەنگەکان بپارێزین، ئای سەردەم! تۆ چیت بە من بەخشی؟

((... هەر تەنیا ئەم ئاڵۆزییەی ئێوارەم بۆ جـێ دێڵـێ، دوای ئەوەی ئەو ڕۆژە بێپایانە، لەسەرخۆیی تەنیاییت ژیام،
((ئەمە شایەتمانی بێدەنگییەکانتە، هیـی سـێبەرتە و هیـی تریقـانەوە مەزنەکانی دەنگتە؟
- بەم جۆرە نـاڕەزایی دەردەبـڕی، لەنـاو ئـاڵۆزیی ئێـوارە. بەڵام لەبـن تاریکیی توند و تێکچڕژاو، لە بەرامبەر ئەو پارچە دیوارەی پێـشت، کە تۆ نەتوانی ئەو بریقەدانەوە نادیارە بژێنیتەوە،
سەرەنجام، بە کردنەوەی کتێبەکە،
پەنجەی بەجورئەتت لەناو پەیامبەرییەکان دەگێڕا، پاشان بە نیگای بێ تروو‌کان سەیری قووڵاییـت دەکـرد، چـاوەڕێی سـاتی سـەرهەڵگرتنت دەکرد، هەڵکردنـی بـای مەزن لەناکـاو هەڵیدەقەنانـدی، وەك تۆفـان، بەرامبەر چاوەڕوانیی نیگاکانت هەورەکانی شەق دەکرد.

١٩٠٤

# ئاهەنگێك بۆ منالْیی
King LightSettelement

١

**دارخورماکان....**
ئینجا لەناو ئـاوی گەلاّی سـەوزمان دەنـای و ئـاویش هێـشتا خـۆری کەسك بوو و کچە خزمەتکارەکانی دایکت، کچی گەورەی بە بـاقوبریق بوون، قاچە گەرمەکانیـان لە نزیـك تـۆوە دەهێنـا و دەبـرد و تێکیـان دەئالاّند، تۆش هەڵدەلەرزییت....

((سەرەنجام من باسی مەرج و چارەنووسە بالاّکـان دەکەم، هیـی نـاو ڕۆبەکان، هیی ناو دەسەلاّتی پڕ لە ڕۆشنایی هەڵبەزودابەز)).

دارخورماکان و نەرم و نیانی
هیی پیریی ڕەگەکان...! لەو دەمەدا زەمین ئارەزووی دەکرد کەڕتر بێ و ئاسـمانیش قـووڵتر، تێیـدا داری هەرە مەزن، مانـدوو لەبەر پلانـی تاریك، پەیمانێکی ئەستەم و شاراوەی دەبەست.

newalname.com/ku/

((ئەم خەونەم بینی بۆ شایانلێنانی: دانیشتنێك بوو دڵنیا لەنێو چارۆکە بەگوڕەکان)).

ڕەگە چەماوە و بڵندەکان
ستاییشیان بەرپا دەکرد،
دەنگە پەرچووەکان پێیدا ڕەت دەبوون، داهێنانی کەشتیی چارۆکەدار و گومەز،

ئینجا ڕۆشناییش بە پاکترین داهێنانی پیتاندن، سپیی مەملەکەتی هەڵدەماڵی تێیدا لەوانەیە درێژەم بە جەستەیەکی بێ سێبەر دابێ...

((ئینجا من باسی مەرج و چارەنووسە باڵاکان دەکەم، پێشان، لەنێوان پیاوان و کچەکانیان کە ئەم جۆرە گەڵایانەیان دەجووی)).

سەرەنجام پیاوەکان
دەمێکی ترسێنەرتریان هەبوو، ژنانیش باسکێکی هێدیتر،
سەرەنجام، ژیان وەك ئێمە لەسەر ڕەگەکان، چەندان گیانلەبەری مەزن و بێدەنگ پێیەوە باڵای بەگزادەییان هەڵدەکشا و دوورتر لەسەر سێبەری زۆرتر پێڵوویان هەڵدەستایەوە....

((ئەو خەونەم بینی، بێ پەروا ئێمەی خوارد)).

hewalname.com/kurdi

## ٢

ئینجا کچە خزمەتکارەکانی دایکم،
کچانی گەورەی بە باقوبریق... و پێڵووە نایابەکانمان....
ئاهـ لەو ڕوونییە! ئاهـ لەو گەرموگوڕییە!
بە دەم بانگکردنی هەمـوو شـتێك، بە تـلاوەت دەمگـوت کچەکانمـان مەزن بوون، بە دەم بانگکردنی هەموو گیانەوەرێك، کچەکـان جـوان و میهرەبان بوون.
ئای گەورەکانی من
گوڵە چڵێسەکان، هیی ناو گەڵای سوور،
بۆ هەڵلووشینە لە هەرە هەموو جوانییەکانی من.
مێـرووی سـەوز! چەپـکە گوڵەکـانی بـاخچە هەسـتیان بە گۆڕسـتانی خێزان دەکرد. جا خوشکێکی زۆر چکۆلە مردبوو:
تـابووتێکم هەبـوو بـۆنی خـۆش بـوو لە دار مـاهوجن بـوو لەنێـوان ئاوێنەکانی سێ ژوور و نەدەبوایە باڵندەی مەگەزخۆرە بە پەلووکە بەرد بکوژین... بەڵام زەمـین لەنـاو چاومـان دەچەمـاوەیە وەك چـۆن کـچە خزمەتکارەکە دەیکرد،

ئەو کچەی مافی کورسییەکی هەبوو ئەگەر لەناو ماڵ خۆمان بگرتایە.

... شینایی گەرموگوڕ،
ئاهـ لەو ڕوونییە ئاهـ لەو گەرموگوڕییە.

ئینجا ئەو مەگەزانە، ئەو جۆرە مەگەزانە، بەرەو دوا چینی باخچە،
وەك ئەوە بوو ڕۆشنایی ئاواز بخوێنێ!

... خوێم بە بیردێتەوە، ئەو خوێیەم بە بیردێتەوە
کە دایەنە زەردەکە دەبوایە گۆشەی چاوەکانمی پێ بسڕێتەوە.

جادووگەری ڕەش بە پەندی زۆرەوە قسەی دەکرد: "جیهان وەك قایەغ وایە، دەسووڕێتەوە و دەسووڕێتەوە، چی تر نازانێ با دەیەوێ پێبکەنێ یان بگری....
ڕاستەوخۆ چاوەکانم هەوڵیان دەدا وەسفی جیهانێکی هەڵواسراو بکەن لەنێو ئاوە هۆشیارەکان، کە ئەستوونە لووسەکانی گەمی دەناسی، سەکۆی هەڵواسراوی بن گەڵاکان بۆ بینین و قەوزە و ڕاگیر، ئەستووندە و کەژی لە جەو،
کە بە درێژی گوڵەکان
بە هاواری تووتییەکان دەمردن.

hewalname.com/ku

٣

ئینجا ئەو مێشانە، ئەو جۆرە مێشانە و دوا چینی باخچە.... بانگم دەکەن.
دەچم... من لەناو شایانلێنانێکەوە قسە دەکەم.
- یانیش مناڵییەکە سەرەنجام، چی هەبوو کە چی تر لێرە نییە؟
دەشتەکان! نشێوەکان! چی تر
قەرار نەمابوو! هەمووی... چی تر لە بەرقەراری و سنوورە هەرە دوورەکانی درەوشانەوە زیاتر نەبوو و سێبەر و ڕووناکی ئەوەندە لێك نزیك دەبوون دەتگوت یەك شتن..... من لە بارەی شایانلێنانێکەوە قسە دەکەم... لە سنوورەکان میوە
دەیتوانی بکەوێ

بێ ئەوەی شادیی لە لێواری لێوەکانمان بۆگەن بێ.

پیاوانیش سێبەری زۆرتریان دەهێنا و دەبرد بە دەمێکـی ترسـێنەرتر، ژنانیش خەوی زیاتر بە باسکە هێدیترەکانیان.
ئەندامەکانم گەشە پێ دەدەن، دەکێشرێن، لەسەر تەمەن دەژین!
چـی تـر هـیچ شـوێنێك ناناسـم وەك شـوێنی ئاشـەکان و شـوێنی قامیشەکان، بۆ خەونی منداڵەکان لە ناو ئـاوە زینـدوو و ئاوازدارەکـان بوو بەم جۆرە بڵاو بووەوە...
لە لای ڕاست
قاوە تێ دەکەینەوە، لە لای چەپیش شیلەی گیای مەنهوت[1].

((ئای ئەو چارۆکانەی قەدمان دەکردنەوە، ئای شتە ستاییشدارەکان!))

لێرەوە بوو ئەسـپە نیـشانکراوەکان، بـارگیرە مـوو ڕەقەکـان و لەولاش گایەکان،
ئێرە قامچی و ئەویش ئاوازی باڵندەی "ئاناوۆ" و
لێرەشەوە هێشتا برینی قامیشە ئاشەکان و
هەورێکی
بنەوشەیی و زەرد، ڕەنگی هەڵوژەیی، ئەگەر بوەسـتایە بـۆ تـاج دانـانە سەر قۆلکانی ئاڵتوون،
بە ناوی خۆی بانگیان دەکرد، لە قووڵایی قەفەزەکان،
کچە خزمەتکارەکان!

یانیش مناڵییەکە سەرەنجام، چی هەبوو چی تر کە چی تر لێرە نییە.

---

[1] گیایەکە ڕەگەکەی وەک پەتاتەیە دەخورێ، لە ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین دەڕوێ.

hewalname.com/kur

٤

جا هەموو جگە لە قەرار و تخووبەکانی درەوشانەوە چی تر نەبوو، مێگەلیش سەردەکەوت و مانگاکانیش بۆنی شەربەتی قامیشیان لێ دەهات... ئەندامەکانم گەشە پێ دەدەن و دەیپێون، لەسەر تەمەن دەژین! گریانەکانم

بە بیردێنەوە

لە ڕۆژێکی زۆر گەش لەناو زۆر تۆقین، لەناو زۆر تۆقین....! لە ئاسمانی سپی، ئای بێدەنگیی! کە وەك نیگایەکی تادار گڕی گرت... دەگریم، وەك چۆن

دەگریم، لەناو ڤالآیی پیرە ناسکە دەستەکان....

ئۆو....! هەنسکێکی پاکە، نایەوێ فریای کەون، ئاهـ....!

هەر ئەمەیە و دەمێکە هەنیەم وەك ئەستێرەیەکی مەزنی بەیانیان ڕادەهەژێنێ.

.... کە دایکت جوان بوو، ژاکاو بوو

کە ئەمەندە گەورە و ماندوو، کە خۆی دادەنواندەوە،

ئاگای لە کڵاوە قورسەکەت بوو کە لە پووش بوو، یان لە خۆر و بە دوو گەڵای سیگین و

بڕینی خەونێك بە سێبەرە دڵسۆزەکان،

درەوشانەوەی مووسلینەکان،

خەوتنی پڕ دەکردی!

خزمەتکارەکەم لە نەژادێکی دووڕەگ بوو و بۆنی گەنەگەرچکی لێ دەهات، هەردەم بینیومە دوو دڵۆپ مرواری ئارەقەی بریقەداری لە

هەنیەی هەبــوو، لە دەوری چــاوی و ئەوەنــدە تەڕ بــوو، دەمــی تــامی سێوی سووری لێ دەهات لەناو ڕووبار، پێش نیوەڕۆ.

بەڵام لە داپیرەی زەردهەڵگەڕاویش....
کە ئەوەندە باش دەیزانی چارەسەری پێوەدانی پێشکە بکات،
پێم وایە جوانین کە گۆرەوی ســپیی درێژمــان هەیە و لە پەنــجەرەوە دێین، نەخشەگوڵی ئاگرین بەرەو پێڵووە درێژە عاجییەکانت.

.... ئینجا من هەموو دەنگەکانیم نەناسی و هەمــوو ژنەکــانیم نەناســی، هەموو ئەو پیاوانەی لە مەنزڵگە بڵنــدەکان کە لە داربــوون خزمەتیــان دەکرد، بەڵام هێشتا بۆ ماوەیەکی درێژتر یاداشتم هەیە لە ڕووخــسارە بێ زایەڵەکان، لە ڕەنگی مەنگۆ و بێزاریــی، لە پــشت کورســییەکانمان دەوەستێ وەك ئەستێرە مردووەکان.

٥

... ئای شوێنانم هەن بۆ ستایش!
هەنیەم لەبن دەستە زەردەکان،
هەنیەم، شەوچەرە ئارەقەکانت بە بیردێنەوە؟
لە نیوەشەو شەرابی تا و شەرابێك لە تامی ئاوی کارێزت بە بیردێتەوە؟
گــوڵی بەرەبەیــانی شــین بــۆ ســەماکردن لەســەر ئــاوی بەیــانی و لە سەروەختی نیوەڕۆش ئاوازدارتر لە مێشوولەیەك و تیری هاوێژراو
بە دەریای ڕەنگەکانت... بە بیردێتەوە؟

ئای شوێنم هەیە! ئای شوێنانم هەن بۆ شتایش!

له لێواری بەندەر کەشتیی بەرز و بڵند هەبـوون ئاوازیـان پەرشـوبڵاڤ دەکردەوە. شوێنی پیاسە هەبوو لە مەیدان، میوەی دارسـتان هەبـوون کە قەڵشی بوون.... بەڵام چیتان لەو کەشتییە بەرز و بڵنـدانە کـردەوە کە لە بەندەر هەبوون و ئاوازیان پەرشوبڵاڤ دەکردەوە؟

دارخورماکان...! ئینجا
دەریایەك هەبوو ساویلکە و بێئۆقرە بۆ سەرهەڵگرتنە نادیارەکان، چـین لەسەر چین بوو وەك ئاسـمانێك لە سـەرەوەی ڕەزەکـان، نغـرۆی نـاو میوەی ئاڵتوونی بوو، هیی ماسی بنەوشەیی و باڵندان و
ئینجا، عەتری گەلێ ڕووخۆش هەبوو، ڕێگەیان بـۆ شـکۆمەندی پـڕ لە ڕابواردن دەکردەوە، ئەم هەناسەی سەردەمێکی دیکەیان ڕادەگەیانـد و بە تاقە مەکری دارچین لەناو باخچەی باوکم،
ئاهـ خەیاڵی پەنهان!
شکۆمەندیی لە پوولەکە و زرێپۆشەکانی جیهانێکی شڵەژاو
کە وڕێنە دەکا.

((... ئاهـ شوێنانم هەن بۆ ستایش! ئاهـ ئەفـسانە بەخـشندەکان، ئاهـــ مێزی بەفەڕ!))

## ٦

ئینجا لەناو ماڵی پڕ لە قرچەقرچ ئەم هەموو تیرەی ئاگر!

دەنگ هەرایەكی درەوشاوەی ناو با بوو.... گەمیی باوكم،
زۆر بە ڕێزەوە، ڕووخساره مەزن و سپییەكانی هەڵگرتبێ: لەوانەشە زیاتر، بە گشتی، فریشتە قژ شاش و بژەكانی هەڵگرتبێ، لەوانەشە پیاوانی پیرۆزی بەرگ لە چارۆكەی جوان و كڵاو لە بەڵاڵوكی هەڵگرتبێ ((وەك باوكم، كە بەگزادە و سەلار بوو)).

.... چونكە لە بەیانی، لەناو كێڵگەی سیسی ئاوی ڕووت،
بە درێژایی "خۆرئاوا" بینینم هەر "میر و زاواكانیان" بوو دەڕۆیشتن، پیاوانی پایەبڵند. هەموو پۆشتەوپەرداخ بوون و بێدەنگ بوون، چونكە دەریا پێش نیوەڕۆ "یەكشەممە"یە كە تێیدا خەو شێوەی "خودا"یەك وەردەگرێ قاچی لەسەر قاچی دانابێ.

ئینجا مەشخەڵەكانیش، لە نیوەڕۆ، بەرز دەبوونەوە بۆ هەڵاتنەكانم. وا هەست دەكەم كەیوانەكان، هۆڵەكان لە دارحەیزەران، فافۆن، هەموو ئێوارەیەك لە خەونی ڤۆلكانەكان گڕیان دەگرت،
لەو كاتەی دەستەكانمان لێك ڕەت دەكردن
لە پێش بت بە كراسی شەوچەرە.

دارخورماکان و ناسکی
که پیریی ڕەگەکان.... شنەبا، کۆترەباریکە و
پشیلەی بەڵەك
گەڵای تاڵی دەدۆزییەوە و لەناو خاویی ئێوارەیەکی بۆندار بە تۆفان،
مانگی سوور و سەوز وەك مەنگۆ هەڵواسرابوون.

***

.... جا مامەکان بە دەنگی نزم لەگەڵ دایکم دەدوان.
ئەسپەکانیان لەبەر دەرگا بەستبووەوە.
"خانوو"ش لەبن درەختە پەڕدارەکان ئارام بوو.

# ستایش

١

گۆشت لەناو جەرگەی با سوور دەبێتەوە،
شلەکان خۆیان وێکدەهێننەوە و دووکەڵیش بە هۆشیاری
بە ڕێگەکاندا هەڵدەگەڕێ و خۆی دەگەیەنێتە
ئەو کەسەی دەڕوا.
ئینجا "خەوبینەر"ی ڕوومەت پیس
خۆی لە
خەونێکی پیری خەتخەت بە توندوتیژی،
بە فێڵ و تریقانەوە،
ڕازاوە بە ئارەقە، دەکێشێتەوە، بەرەو بۆنی گۆشت،
وەك ژنێـــك دادەبەزێ کە: چـــارۆکە و هەمـــوو پەڕوپاتـــاڵ و قـــژی
پەرشوبڵاوی بە دوای خۆی ڕابکێشێ.

## ٢

ئەسپێکم خۆشویست —کێ بوو؟ لەبن تاڵە مووەکانی پەرچەمی ڕووبەڕوو سەیری کردم.

کونە زیندووەکانی لووتی دوو شتی جوان بوون بۆ بینین
لەگەڵ ئەو کونە زیندووانەی کە لە سەرەوەی هەر دوو چاوەکانی هەڵدەپەنمان.

کە ڕایکردبوو، ئارەقەی دەکرد، درەوەشایەوە و
- چەندان مانگم لە تەنکێشەکانی، لەبن ئەژنۆی مناڵیم گوشی....
ئەسپێکم خۆشویست —کێ بوو؟ جا هەندێ جاریش ((چونکە گیانلەبەرێك دەزانێ چ هێزێك هانمان دەدا)).

سەرێکی برۆنزی بۆ خوداکانی هەڵدەبڕی و:
سەر بای لێوە دەهات، بە قەدێك لە دەمار دنیا دەگەڕا.

٣

ڕیتمەکانی لووتبەرزی بۆ ناو سووره مۆنەکان دادەبەزێ.
کیسەڵەکان لە تەنگەکان وەك ئەستێرە ڕەشتاڵەکان دەڕۆن
میناکان خەونی وا دەبینن پڕ بێ لە سەری منداڵان...

ببە بە پیاوێك چاوەکانی ئارام بێ کە پێدەکەنێ،
بێدەنگ کە پێدەکەنێ لەبن باڵی هێمنی برۆیەکان، فڕین پوختە دەکا
و ((لە لێواری وەستاوی برژانگ، بەسەر شتەکاندا دێتەوە کە بینیــونی،
ڕێگەکانی دەریای فێڵباز دەگرێ.... و لە لێواری وەستاوی برژانگ
ئەو زیاتر لە جارێك سوێندی دوورگەی بۆ خواردووین
وەك ئەو کەسەی بە یەکێکی لاوتر دەڵێ:
بە چاوی خۆت دەبینی و ئەو کەسەیە
کە لەگەڵ سەرداری کەشتی بەینیان خۆشە)).

٤

لاژەوەرد! گیانلەبەرەکانمان بە هاوارێك پڕ بوونە!

بەئاگادێمەوە و خەیاڵم بۆ میوەی ڕەشی ئەنیبیا دەچێ کە لەناو کڵاوە گڕنی گڕنی و قڵیشاوەکەیەتی... ئاهـ! قرژاڵەکان درەختێکـی تەواویـان بە خۆی و میوە چرچەکانی هەڵلووشی.
درەختێکی تر پڕ لە شوێن برین، گوڵەکانی شین بـوون و درەختێکـی تر شیرین لە چڵەپۆپەکانەوە و درەختێکی تر کە ناتوانین دەستی لـێ بدەین وەك چۆن بە شایەتمان وەریدەگرین بۆ ڕاستەوخۆ لە مێشەکانی بباریێ، ڕەنگەکان...!
مێرووەکـان بە دوو ئاڕاسـتە هەڵـدێن. ژنـان بە تەنیـا لەنـاو گـوڵی لالەکانیان پێدەکەنن، ئەو گوڵە زەردانەی بە خاڵی ڕەشـی ئەرخەوانـی پنـت پنـتن کە بـۆ سـکچوونی گیـانلەبەرە شـاخدارەکان بە کـاری دەهێنن... و سێکسیش بۆنی خۆشە.
خۆی لەناو لۆچی باسکی دەنێ. لێوارەکانی هەڵدەپەنمێن، لەبـن چـین لەسـەر چینـی مێرووەکـان تێکدەشـکێ کە لە جەژن و زەماوەنـدی چرووکن. سەوڵ لەنـاو دەسـتی قـایەغەوان چـرۆی گـرت. سـەگێکی زیندوو هەڵواسراو بە قولاپێکەوە باشترین ژەم بۆ کۆسە ماسییەکان.

- بەئاگادێمەوە و خەیاڵم بۆ میوەی ڕەشـی ئەنیبیـا دەچـێ، بیـرم بـۆ گوڵەکان دەچێ وەك چەپکێك لەبن چڵ و گەڵاکان.

## ٥

.... سەرەنجام ئەم ئاوە مەنگ و ئارامە لە شیرە و
هەموو ئەوەش کە دەڕژێتە ناو تەنیاییە خاوەکانی سپێدە.

پرد شوورا، پێش ڕۆژهەڵاتن، بە ئاوێك وەك خەون تـێکەڵ بە گزنـگ، ئەمەش ڕوویەکی جـوانی ئاسـمان بـوو. منـاڵی دڵگیـری ڕۆژیـش، بە کەپـــرۆکەی خێــوەتە لوولـــدراوەکان، هەتـــا بە گـــۆرانییەکەم خـــۆی دادەبەزێ.

مناڵیی، خۆشەویستەکەم، هەر تەنیا ئەمە نەبوو؟...
مناڵیی، خۆشەویستەکەم.... ئەم دوو ئەڵقەیەی چاو و ئاسوودەیی خۆشویستن...
ئەمەندە ئارامە و پاشان ئەمەندە شێدار
ئەمەندەش درێژە بە خۆی دەدا،
هەست دەکا بێگانەیە لێرە، تێکەڵ
بە دەستانێك بووە ئاسانیی ڕۆژیان هەیە...

مناڵیی، خۆشەویستەکەم! چ نییە جگە لە وازهێنان...
بەڵام سەرەنجام گوتم؟ چی ترم ناوێ هەتا لە بەرگ و پۆشاکی.
بە خرۆشان لێرە، لەناو بێچارەیی تەنیاییە سەوزەکانی بەیانی....
جا گوتم پێویستە وەك گورزەهۆنی پیر خـزمەت بکەیـن... ئەو دڵەش، ئەم دڵەش لە دێ، کە بە سـەختی لەسـەر پردەکـان هەنگـاو دەنـێ، بێفیزترە و زۆرتر لە کۆنە گەسکێگ، پڕووکاوترە...

٦

ئینجا هیی دی بە نۆرەی خۆیان سەردەکەونە سەر پرد و
منیش دەپارێمەوە، هێشتا، چارۆکە بڵاو نەکەنەوە...
بەڵام هەرچی لە بارەی ئەم چرایەوەیە، دەتوانن بیکوژێننەوە....
منالْیی، خۆشەویستەکەم! بەیانییە، ئەمـانە شـتی ناسـکن دەپـارێنەوە،
وەك ڕقی گۆرانیگوتن،
ناسك وەك ڕق، کە لەسەر لێوان هەڵدەلەرزێ، ئەو شتانەی
لە بارەی ڕووخسارەوە دەیڵێن،
ئای ناسکیی کە تکا دەکەی،
وەك ئەو دەنگە هەرە ناسکەی نێران ئەگەر ڕازی بم
گیانی وشکی خۆیان بنووشتێننەوە بەرەو ئەوانەی دەنووشتێنەوە...
ئێستاش داواتان لێ دەکەم، دەبینن بەیانییە.... ئاسوودەییەکەی
شەماڵە و
منالْیی هاری ڕۆژیش، ناسك و نیان وەك سرووددێك کە
چاو بەرین دەکا؟

کەمێك ئاسمانی شینباو لە قەدپاڵی نینۆکەکانمان. ڕۆژەکەی گەرم دەبێ و جۆشوخرۆش دەداتە ئاگر. ئەوەتا شتەکان بەم جۆرەیان لێ دێ: قرچەقرچی نگونی ئەرخەوانی، هەڵدێری پلیشاوە بە گامێشەکانی شادیی ((ئای شادیی کە تەنیا بە ڕۆشنایی دەتوانێ مانات بزانرێ!)) پیاوە نەخۆشەکەش، لە دەریا، دەڵێ کەشتییەکە ڕادەگرین بۆ ئەوەی گوێ لە هەناوی بگرین.

ئینجا ڕابواردنی مەزن سەرەنجام بۆ هەموو ئەوانەی لە دواوەن، هێرشی بێدەنگی کە بە هەنیەکمان دەکەوێ و دەگەڕێتەوە.... باڵندەیەك کە بە دوایدا دێ، فڕینەکەی بە سەر سەرەکان هەڵیدەگرێ، خۆی لە ستوونی کەشتی لادەدا، تێدەپەڕێ، پێیە سوورە کۆترییەکەیمان پیشان دەدا، دڕندە وەك "کامبیز"[1] و ناسك وەك "خشایارشا"[2]... جا گەڕیدەی لە هەمووان لاوتر، وێڕای دانیشتن چوارچمکی لەسەر پشتی کەشتی: ((پێم خۆشە باسی کانییەکانی بن دەریاتان بۆ بکەم... (تکای لێ دەکەین بیگێڕێتەوە).

- لەگەڵ ئەمەش کەشتی سێبەرێکی سەوز شین دەکا، ئارام، ڕوونبین، داگیرکراو بە شەکر کە تێیدا بە ئاستەم بە تیرێژێکی سووك دەڕووشێ کە ماسییەکانی خوار دەکاتەوە کە لێیەوە دەڕۆن وەك بابەتێك بە درێژایی گۆرانی.

منیش، پڕ دروستی، ئەمە دەبینم، دەچمە نزیك نەخۆشەکە ئەمەی بۆ دەگێڕمەوە: ئەمەیە فەرموو کە ڕقی لێم دەبێتەوە.

[1] کامبیز، پاشای هەخامەنشییەکان.

[2] خشایارشا، یەکێ لە پاشاکانی هەخامەنشییەکانە، ئەم ناوە لە تەورات بووەتە: ئەهاشڤێرۆش، کە چۆتە ناو زمانی لاتینی بووەتە ئەسووێروس، ئێستاش لە زمانی فرانسی هەندێ جار هەر بەم چەشنە Assuerus دەنووسرێ.

## ٨

بۆ بازرگانان هەیوان لەسەر ڕووی دەریا، بانیش بۆ ئەوانەی ڕۆژنامە دروست دەکەن...! بەڵام بۆ یەکێکی تر چارۆکەوان لە قووڵایی چەمەکانی شەرابی ڕەش و ئەم بۆنەش! ئەم بۆنەش کە ئارەزووی لە دارستانی مردووە، وا دەکا خەیاڵمان بۆ پەڵە ڕەشەکانی "خۆر" بچێ، بۆ ئەستێرەناسەکان، بۆ مەرگ....

- ئەم کەشتییە هیی ئێمەیە و مناڵییشم دوایی نایێ. ماسییانم زۆر بینیون فێریان کردووم ناویان لێ بنێم. شتی تریشم بینیوە کە تەنیا لە ناوجەرگەی "ئاو" دەیبینین، هیی دیش کە مردوون، هیی دیکەش کە فێڵن... ئینجا نە "تاوسی سالامۆن"[1] نە گوڵی نەخێشێنراوی سەر قایشی شانی "ڕاس"[*] نە بەوری ژیا و بە گۆشتی مرۆ، بەرامبەر بە خوداکان لە مس، بە مۆنتزوما."[2]

بەناو ڕەنگەکان تێناپەڕێ

ئەم ماسییە پڕ دەوەنە هەڵگەڕاو بەسەر لێوارەکان بۆ خافڵاندنی دایکم کە ژنێکی لاوە و باوێشکی دێتێ.

درەختەکان لە قووڵایی چەمەکانی شەرابی ڕەش بۆگەن دەبوون.

---

[1] تاوسی سالامۆن، یان تاوسی سولەیمان پێغەمبەر، لە تەورات باسکراوە، وەک باڵندەیەک جوانییەکی نایابی هەبووە لە دەربارى خۆی ڕاگرتووە، نیشانەی جوانیی پایەدار بووە.

[*] ڕاس یان ڕا، ناوی سەرکردە ئەتیوبییە کۆنەکان بوو، دەشێ ئەمەش پەیوەندییەکی بە ناوی خواوەندی "ڕا"ی میسرییە کۆنەکانەوە هەبێ.

[2] مۆنتزوما: فەرماندەی ئەزتێکەکان.

## ٩

ئۆو  تەواوی کەن! ئەگەر قسە دەکەن هێشتا
بۆ نیشتنەوە، پێم خۆشترە پێتان بڵێم،
خۆم فڕێ دەدەمە ئەو شوێنە کە لەبن چاوەکانتانە.

چارۆکە وشەیەکی وشك دەچرپێنێ و دەکەوێتەوە. چی بکەین؟
سەگ خۆی فڕێ دەداتە ناو ئاو بە دەوری "کەیوان" دەسووڕێتەوە.
وازهێنان! وەك گوێگرتنە.

... گەمییەکە بکەوە
یانیش مەیکە، یان بڕیار دەدەی هێشتا خۆمان بخەینە ناو ئاو...
منیش ئەمەم پێ خۆشە.
هەموو پەنهانییەکی ئاو سەرلەنوێ خەون بە بێدەنگی دەبینێتەوە
لە لێوارەکانی چارۆکە.
بڕۆن، ئەمە ڕووداوێکی جوانە کە لەوێ بەرپا دەبێ،
ئای "سپۆندێ"[(١)]ی بێدەنگی کشا و لەسەر درێژییەکانی.
جا من کە قسەتان بۆ دەکەم، هیچ نازانم،
نە ئەوەندە بە هێز نە ئەوەندە ڕووت
تەنیا لە تێپەڕینی کەشتی چنراو بە پێکەنین،
دابەزینمان بە لێواری سنوورەکانمان،
چارۆکەی گەورەی خێرا هەڵچووی ڕەنگی مێشك.

---

[1] دوو برگەی یەک لە دوای یەکی درێژ.

کردەکان، جەژنەکانی هەنیە و جەژنەکانی مل...! و
ئەو سـلاوانە و ئەم بێـدەنگییانە و ئەم هەوالانەی لە سـەفەردان و ئەم پەیامانەی وەك خێزاون، ئای لەو هەموو شەراب ڕژانـدنانەی[1] ڕۆژ...! و ئامادەگی چارۆکە، گیانی مەزنی ماندوو، چارۆکەی بێگانە، لێـرە و کە بە گەرمی لە ڕووی خۆی هەڵـدەماڵێ وەك ئامـادەگی ڕۆژێـك.... ئـای، داوەتەکان....! بە ڕاست لە گەرووی خودایەك دادەنیشم.

١٠

بۆ بارکردنی گا و بارگیر،
ئاومان هەیە، لەسەر قەراغی کەشتی،
ئەم خودایانە لە برۆنز داڕێژراون و بە جەو خۆشکراون.
ئاو هانیان دەدا و دەڕژێ!
ئێمەش لەسەر ڕەسیف چاوەڕێیان دەکەین، لەگەڵ تـوولێکی بڵنـد لە جیاتی مەشخەڵ، چاو لەسەر ئەسـتێرە هەنـیەی هەڵنـاگرین، کە ئەم هەموو خەڵکە ڕووتە وەستاون بە بەرگی تریسکەدار و تاریی.

١١

وەك تیغەکانی قوولایی
گەلا مەزنە کانزاییە سووکەکان دەهێنینە ناو کۆگاکان:
سەخت، ورووژاو، گیراو، هەموو قەدپاڵێکی ئاسمان دەڕژێنێ.
بۆ بینین، دەبێ خۆت بخەیتە سێبەر. مەگین هیچ. شار لەبەر ڕق و کیـنە زەرد هەڵـگەڕاوە. هەتـاو بە خێرایـی دەمەقـاڵییەك لە بروسـکە دەڕژێنێتە ناو ستێرك. کەشتییەکی ماسی سوورکراوە
لەوسەری شۆستەی زبر نغرۆ دەبێ

[1] شـەراب ڕژانـدن بـۆ پیرۆزکـردن لە ئـایینە بتپەرسـتییەکان. بە مانـای زۆر خواردنەوەی شـەرابیش دێ.

کە لەمبەر، دەچەمێتەوە، ماڵیی دەبێ لەنێو تۆزی گۆڕەکان. ((چـونکە ئەمە گۆڕستانە، لەوێ، کە ئەوەندە بەرز فەرمانڕەوایی دەکا، لە قەدپاڵی بەردی هەسان: کونکون بە چەندان ژوور، چێنراو بە درەختان کە وەك پشتی شبنم وان.))[1]

١٢

کەشیشێکمان هەیە، لە ئاهەك
دەبینم ئاگری ئۆردویەك تریسکەی دێ...

- مردووەکانی کارەسات، وەك گیانلەبەرانی گووراون، لەناو سندوقی لە زینك لەسەر پـشتی بەگزادەکـان کە لە کۆشـکی سـەردار بە ڕێـگەی مەزنی گیراو بە ئاوی سەوز دەگەڕێـنەوە ((ئـای ئـاڵا نەخـشێنراوەکان وەك پشتی کرمی ئاوریشم و ئەو منـاڵییە ڕەشپۆشـەش هەڵواسـراو بە گوڵینگی ئاڵتوونی!))
خۆیان کەڵەکە کرد، بۆ ماوەیەك، لە گۆڕەپانی گەورەی بازاڕ
وەستاو و
زیندوو
بەرگیان کـۆنە کیـسەیەك بـوو و بـۆنی خۆشـی برنجـی لـێ دەهـات، قوولەڕەشێك کە مووەکانی لە خوری مەڕی ڕەشن کە وەك پێغەمبەرێك گەورە بووە دەچێ لەناو سەدەفێك هاوار دەکـا، سـەرەنجام ئەگەرچـی ئاسمان بەڵەکە ئەم ئێوارەیە،
بوومەلەرزەیەکی تر ڕادەگەیەنێ.

---

[1] شبنم یان کاسۆواری یان کازۆوار، باڵندەیەکی ڕەشی مل شینە و نـافڕێ، لە جۆری شترملە، لە ئوستورالیا دەژی.

سەری ماسی بە تەوسەوە قاقا پێدەکەنێ
لەنێوان گوانەکانی پشیلەی مردوو لە برسان کە هەڵـدەپەنمێ، سـەوز یان وەنەوشەیی؟ مووەکانی، ڕەنگ پوولەکە، کوێرەوەرین و ئەلکێن
وەك ئەو ئەگریجەیەی کە کچۆڵەیەکی پڕ ئێسقانی زۆر پیر دەمژێ، بە دەستە سپییەکانی گورووپی. دیڵە سەگیش ئـاڵ، سـەرەڕای نـاڕەزایی هەژان تەواوی گۆشـتی گوانەکـان بە دوای خـۆی ڕادەکێـشێ. ئینجـا فرۆشیاری شەکرۆکە دژی مێـشوولەکان دەجەنگـێ کە فڕینیـان وەك گازی ڕۆژە لەسەر پشتی دەریا. منالێك ئەمە دەبینێ
ئەمەندە جوانە
سەرەنجام چی تر نـاتوانێ پەنجەکـانی دابخـا... بەڵام ئەو نـارگیلەی[1] خواردمانەوە و لەوێتووڕهەڵدراوە، سەرێکی کوێرە هاوار دەکـا و ئـازاد بووە لە شانمەکانی،
ئاوەڕۆ دەگۆڕێ
جـوانیی ئـاوە ئەرخەوانییەکـان پەڵەپەڵە بە چەوری و میـز، کە تێیـدا سابون وەك تەونی جاڵجاڵۆکە تەنیوەتەوە.

لەسەر شۆستەی ئاقیقی سوور، کچێك وەك پاشای لیدییەکان[2] خـۆی پۆشیوە.

---

[1] نارگیل: گوێزی هیندی، شەرابی گوێزی هیندی.
[2] لیدییەکان: وڵاتێک بووە لە قەفقاس لە سەدەکانی پێش زایین.

نیانیی درەخت بە کپی دەچێتەوە سەر لێوارە باریکەکانی گەڵا
ئەمەتاش لە ئاسمانێك لە پووش کە لێیەوە دەیهاوین، ئـای هاویـشتن!
بە هەمـوو هێـزی باسـك مەشـخەڵێك! بـۆ مـن، مـن پێیەکـانی خـۆم کێشانەوە،
ئای هاوڕێیانم لە کوێن ئەوانەی نایانناسـم...؟ ئێـوەش ئەمە نـابینن...؟
مێرگی پڕ لە قرچوهوڕ، ئاوی جوان لە سفری ڕەوان کە نیوەڕۆ تێیـدا وەك سەنجژەن شەق و سووتانی بیرەکەی کون دەکا...
ئای  وەختە،
کە تێیدا لە شارە سووربووەوەکان، لە قووڵایی حەوشە جیڕ و بگرەکان لەبـن کەپـرە شـەختەبەندەکان، ئـاو دەڕژێـتە سـتێرکە بنەوشـەییە داخراوەکان.
گوڵەباغی سـوور و سـەوز لە نیـوەڕۆ... و ئـاوی ڕووتـیش وەك تڵـپەی خەونێك و خەوبیـنـەریش لەوێ ڕاکـشاوە، چـاوی ئـاڵتوونیی خـۆی لە ساپیتە ڕاگرتووە و شەڕ دەکا.
ئینجا منداڵەکە کە لە خوێندنگەی "باوك"ان، پڕ لە سۆز و هەڵچـوون، بە تەنیشت دیواری عاتیفە لێژ دەبێتەوە کە بۆنی نانی گەرمی لێ دێ، لەوسەری شۆستە کە لێی پێچ دەکاتەوە، دەریـای دەبینـی چۆڵوهـۆڵ ترە لە هەرای مەزادی ماسییەك.

ئینجا فەردە شەکرەکان لەسەر ڕەسیفی ڕەنگ کلیی نغـرۆ دەبـوون و وێڕای هەڵهەڵەی مەزن، لە پێترۆل و

قوولەڕەشەکان هەڵگری گیانەوەری گووراو کڕنۆش بۆ فەخفوورییەکانی "مۆدێلیی قەسابی"[1] دەبەن و بارێك لە ئێسقان و ماندوێتی دادەگرن.
جا لە مەیدانی "هۆڵی برۆنزی" ماڵی بەرزی هەراسانکراو کە ماسی لێ هەڵواسراوە و چاوەڕێدەکەین گوێمان لێ بێ گۆرانی لەناو گەڵا ئاسنینەکانی بڵێ، پیاوێکی کۆسە، بە بەرگێك لە پەمۆی زەرد، هاوار دەکا: من خودام! هی دیش: شێتە! یەکێکی دی ئابڵووقەدراو بە تامی کوشتن بەرەو تانکی ئاو ڕادەکا سێ کەلای ژەهری پێیە: سوور، سەوز، شین.
هەرچی منم، من پێیەکانی خۆم کێشانەوە.

١٥

منالیی، خۆشەویستەکەم، منیش ئێوارەم خۆشویست: ئێستا وەختی دەرچوونە.
ژنە خزمەتکارەکانمان گەڕانەوە ناو لالەی کراسەکانیان... نووساو بە پەردەکان، لەبن کەزییە شەختە بەندەکانمان، بینیمان وەك لووسی و وەك ڕووتی، بە سەری باسك ئەڵقەی خاوی کراس بەرز دەکەنەوە.

دایکەکانمان دادەبەزن، بۆندار بە عەتری گیای "مەدام لالی"[2] ... گەردنیان جوانە. بۆ پێشەوە دێن و دەڵێن: دایکم لە هەموویان جوانترە! دەمێکە گوێم لێ بووە چارۆکە فش و بلاوەکان کە لە

[1] مەبەستی شاعیر ڕیکلامی تایبەتی قەسابەکانە.
[2] دارێکە لە شوێنە گەرم و شێدارەکان دەڕوێ.

ژوورەکان لە هاتن و چوونیان هەراوزەنایەکی ناسکی هەورەتریشقە بڵاو دەکەنەوە....ماڵیش! ماڵ...؟ لێی دەردەچین!
هەتا پیرەکەش ئێرەیی بەو جووتە شەقەشەقەیەی من دەبا و منگەمنگکردن بەدەست وەك دار جەوێکی قورس، بوندق یان دار موکونا.[1]

١٦

ئەوانەی پیرن لە وڵاتن زووتر لە خەو هەڵدەستن،
پەنجەرە دەکەنەوە و سەیری ئاسمان دەکەن، دەبینن دەریا و دوورگەکان ڕەنگی خۆیان گۆڕیوە و دەڵێن: بە پێی ئەم ساتەی بەرەبەیان بێ ڕۆژەکەی خۆش دەبێ.
لەناکاو ڕۆژە! لەم ماوەیەدا بانی لە تۆتیا سوور دەبێتەوە و لەنگەرگەی کەشتی بۆ ناخۆشییەکان دەکرێتەوە و ئاسمانیش بۆ خۆشییەکان و چیرۆکبێژیش خۆی دەخاتە ناو وریایی.

دەریا، لەنێوان دوورگەکان لە کەشخەییان سوور دەبێتەوە، چێژەکانی ماددەیەکە بۆ هەڕاج، بەرامبەر بە پارچەیەك لە بازنی سفر کڕیمان!

منداڵان لە لێوارەکان ڕادەکەن! ئەسپەکان لە لێوارەکان ڕادەکەن...! یەك ملیۆن ملیۆن منداڵ کە وەك گوڵە ئاغجەواش برژانگی خۆیان هەڵگرتووە، ڕادەکەن... و مەلەوانیش قاچێکی هەیە لە ئاوی شیرتێن،

---

[1] گیای مەدام لالی، گوڵێکە وەک هێرۆ هیی ناوچەی کاراییبە، بە چلچراش دەوترێ.

بەڵام ئەوی تر سـەنگی هەیە لەنـاو تەوژمـی فێنـك، گـوڵە قەدیـفەی بنەوشەیی و خەرتەلە و بنە ئەکالیفیای گوڵ سەوز گوڵە پیلیای پڕ لە پەلك کە بژ و دەوەنی کۆنە دیوارن،
لە سەربان لە لێواری سولاوکە شێت دەبن،
چونکە بـایەکی لە هەمـوو بـایەکی فێنکتـری سـاڵ، لە سـتێرکەکانی دوورگە هەڵدەکا کە بە باقوبریقن و
بە ئاستەم گەیشتن بە دوورگە شیلانییە بچووك و پانەکان،
ماڵەکانمان لەناو مەمکی پیرەکە نغرۆ دەبێ
بە هۆی مێرگی چـارۆکە تـا ئەو شـوێنەی پـڕە لە مـوو لەنێـوان دوو مەمك.
ڕۆژەکەیشی دەمێکە بەڕێ کەوتووە، جیهان
ئەوەندە زۆر پیر نییە لەناکاو پێنەکەنێ...

***

ئینجا بۆنی قاوە بەسەر پەیژەکە هەڵدەگەڕێ.

١٧

((ئەو کاتەی لە قژ داهێنانم دەبیتەوە،
منیش چی تر ڕقم لێت نابێتەوە)).

منداڵ دەیەوێ لەسەر پایەی بەردەرگا قژی دابهێنن.

((قژم ئاوا دامەهێنە. بۆ خۆی ئاوا باشە کە خەریك بوو دەستم لێ بدەن. کە لە قژ داهێنانم دەبیتەوە، ڕقم لێت دەبێتەوە)).

لەگەڵ ئەمەش حیکمەتی ڕۆژ شێوەی درەختێکی جوان وەردەگرێ و
درەختی بە لارەلاریش
کە هەندێ باڵندە لێی هەڵدەفڕێ
وەك دەریاچەی ئاسمانە پوولەکەی سەوزی ئەوەندە جوان دەکا بە چەشنێك هیچ سەوزییەك وەك ئەو نەبێ جگە لە مێرووی ئاو نەبێ.

((ئەوەندە زۆر دەستت دامەگرە لەسەر قژم...))

## ١٨

ئێستاش لێم گەڕێن، بە تەنیا دەڕۆم
دەردەچم، چونکە کاروبارم هەیە: مێروویەك چاوەڕێم دەکا دەبێ بیکەم
بەو چاوە گەورانەی چەندان ڕواڵەتیان هەیە شادیی بە خۆم دەبەخشم:
سەخت، چاوەڕواننەکراو، وەك میوەی سەروو.
مەگین پەیماننامەیەکم لەگەڵ ئەو بەردە شینە هەناویانە هەیە: هەر وا
لێم گەڕێن دانیشم، لەناو هاوەڵی ئەژنۆکانم.

١٩٠٨

# شكۆمەندیی پاشاکان

## گێڕانەوە لە ستایشی شاژنێك

١

((پەناگەی بڵندی پیو کە حەز و ئارەزووەکانی
میللەتێکی لاڵ و سوارچاك و بخۆرەوەی لیکی بۆ دەچێ،
ئای شاژن! تویێکڵی چاوەکانت بشکێنە، بە شانەکانت بڵێ دەژیێ!
ئای شاژن، تویێکڵی چاوەکانت بشکێنە،
پێشوازی لە ئارەزوویەکی شکۆمەند بکە،
ئای شاژن! وەك یارییەك لەبن ڕۆن،
بەرامبەرت بە ڕووتی مەلە بکەین، پیاوانی لاو!))

- بەڵام کێ دەزانێ لە کوێ بچینە ناو دڵی؟

٢

((گوتم، نە ژماردنی ئەم ناونیشانانە لەسەر پەنجەکانم: ئای شاژنی بن ڕۆکۆ![1] جەستەی مەزنی ڕەنگ تویکڵ. ئای جەستەی وەك مێزێکی قوربان و مێزی یاسای من!

نۆبەرە! ئای ئاسوودەتر وەك پشتی ڕووبار، ئێمە وەك باڵێکی زۆر جوان ستایش دەکەین و تەنکێشی شاراوەت ڕەش هەڵگەڕێنە، کە باڵیۆز خەون دەبینێ و دەکەوێتە ڕێگە لەناو جوانترین بەرگی!))

***

- بەڵام کێ دەزانێ لە کوێ بچینە ناو دڵی؟

٣

بێجگە لەمە ئەمەشم گوت، ڕاهێنانی چاوەکانم وەك دوو دیڵەسەگی بلیمەت:

ئای جوان دانیشتوو، ئای گران! دەستە پڕ لە ئاشتی و بەرینەکانت
وەك بارێکی قورسی دارخورمان لەسەر ئاسوودەیی ئەژنۆکانت،
لێرەولەوێ، کە تێیدا تریسکەی دێ و دەسووڕێتەوە،
قەڵغانی تریسکەداری ئەژنۆکانت و هیچ میوەیەکیش
لەم سکە نەسمراو و مۆرکراوە لە سەرەوەی ناوك
نایەوێ وەربگرێ، یانیش نازانم بە کام نهێنی لاسك
سەرمان ڕاگیراوە!))

- بەڵام کێ دەزانێ لە کوێ بچینە ناو دڵی؟

---

[1] ڕۆکۆ: درەختێکە لە ئەمریکا دەڕوێ، لە بەرەکەی ماددەیەکی سوور دەردێنن بۆ ڕەنگکردن.

٤

جا هێشتا بیڵێ، ڕاهێنانی چاوەکانم وەك پیاوێکی لاوی لاتەریك:
...شاژنێکی تەواو گۆشتن، ئەم قاچە هەڵدەگرێ لەسەر ئەوی تر و
عەتری جەستەت دەبەخشیتەوە،
ئای ڕووخۆش! ئای شیرتێن، ئای کەمێك شێدار و

ناسك،

گوتراوە کە تۆ
ڕووتمان دەکەیتەوە لە بیرەوەرییەکی تیژی کێڵگەی بیبەر و لم
کە تێیدا گەشە دەکا درەختی خۆڵەمێش و
کەلووی گەییو و گیانلەبەری

مسکدار.

***

- بەڵام کێ دەزانێ لە کوێ بچینە ناو دڵی؟

٥

((ها...، جەوهەر ! ئینجا بە تەنیاش...!
دەشێ لەبن سێ لۆچی ئەم سکەت هەموو
هەموو ئاسایشی مەملەکەت دانیشێ:
بێدەنگ و دڵنیابە، ببە ڕقی شەوچەرە پانوپۆڕەکان!
ئەوەی درەختی ئەزگڵ بەری دەداتەوە ناو بۆنێکی بخوور:
لەنێو گەڵاکان دەجووڵێتەوە، هەتاو
گوڵ و ئاڵتوونی هەیە بۆ شانی زۆر پاککراوەت،
جا کە مانـگ فەرمـانڕەوایی خێـزاوی دەریـا دەکـا هەر خـۆیەتی ئەم فەرمانڕەواییە دەکا،
ئای یاساپارێز!
بە نەریتی لافی سووڕی مانگانەت!))

***

- بەڵام کێ دەزانێ لە کوێ بچینە ناو دڵی؟

# برادەرایەتی میر

١

جا تۆی هەرە لاواز کە لایەقی یەکلابوونەوە ئەقڵییەکانیت، پیاوی دفن باریك کە لەنێو ئـێمەی، ئـای لاواز! ئـای جـاقی! میـری خۆپۆشـیو بە فرمانەکانت و وەك درەختێکیش لەبن ئەو تیرۆژانە.
لە ئێوارەکانی وشکی هەرە مەزن لەسەر زەمـین، کـاتێ کە پیـاوان لە سـەفەر گفتوگـۆ لە بـارەی شـتەکانی ئەقـڵ دەکەن کە لە ڕێگەیـان پشتیان داوەتە گۆزەیەکی هەرە گەورە، بیـستوومە باسـی تـۆ دەکەن، باسی ئەم لایەی جیهان، پەسنەکەش لاواز نەبووە:
((... خۆراکت بای سەرزەمینە، دەورەدراوی بە نیشانە هەرە سەختەکان و دارِێژەری گریمانە لۆژیکییەکان و بـاس لە جیابوونەوەکـان دەکەی، ئای میری بن پۆپیتە وەك سەرچڵی گوڵداری دونـدی گیـا (باڵنـدەش لێی هەڵدەخەڵەتێ و لێـی هەڵـدێ، فڕینێکـی وای لـێ جـێ دێڵـێ... فەرموو ئەمە خۆیەتی، ئای میری گیرۆدەی بێهوودەیی، وەك کچێکـی گەورە و شێت کە لەبن دلۆڤانی خۆی بە بای لە دایکبوون دەسـخەڕۆ بێ...)

گوێڕایەڵی بایەکی سەرزەمین، ئای میری بن پۆپیتە و نیشانەی نادیاری خەون، ئای میری بن پەپووسلێمانە، وەك ئەو باڵندە چریکدارەی نیشانەی لە دایکبوونی پەسڵان دەکا، ئەمە دەڵێم، گوێ‌لەمە بگرە:
((تۆ دەوادەر و یاریدەدەری قازی و جادووگەری سەرچاوەکانی ئەقڵی! چونکە دەسەڵاتت لە قووڵایی مرۆ شتێکی بێگانەیە و ئاسوودەییت گەورەیە لەنێو ئێمە.
((نیشانەکەم لە هەنیەت بینی و ڕۆڵی تۆم لەنێو خۆماندا نرخاند، ڕووخساری خۆت ببینە لەناو چاومان، بزانە نەژادت چییە؟ چرووك نییە، بەڵام بەهێزە.
((ئینجا ئەمەشت پێ دەڵێم: پیاوی زۆر سەرنجڕاکێش، ئای پیاوی بێنەریت لەنێو ئێمە، ئای یاخی! لە شتێك دڵنیاین، دەبا مۆری نیگات ئێمە هەڵیگرین و پێویستییەکی گەلێ زۆر مەزنی تۆ لەو شوێنە دەمانهێڵێتەوە کە تۆ هەناسەی لێ دەدەی و لەو دروستییەی لەگەڵ تۆ هەمانە شتێکی تر ناناسین... تۆ دەتوانی بێدەنگ بی لەنێو ئێمە ئەگەر ئەمەیە سەلیقە و ئاوەزت، یانیش هێشتا بڕیار بدەی بە تەنیا بڕۆی، ئەگەر ئەمەیە سەلیقە و ئاوەزت: تەنیا داوات لێ دەکەین لێرە بن!
(ئێستاش تۆ دەزانی نەژادت چییە)...)).

***

لە بارەی شاوە قسە دەکەم، ڕازێنەرەوەی بێدارییەکان،
شەرەفی ئاقڵی بێشەرەف.

## ٢

بەم جۆرە قسەکردن و ئاخاوتن، درەختی خۆی بنیات دەنێ. ئینجا دەنگی دی لەسەر بەشی ئەو بەرز دەبێتەوە.

((... پیاوی زۆر سادە لەنێو ئێمەدا، هەرە نهێنیپارێزی پلانەکان، سەخت لەگەڵ خۆی، ئینجا وێڕای بێدەنگبوون و پەیماننەبەستنی ئاشتی لەگەڵ خۆی، بەڵام هەردەم بەلەز.

((وێڵبوون لەناو داڵانەکانی ئاهەکی زیندوو، پیلانگێڕی ململانێ و دەمەقاڵێ تا خاڵی هەرە دوور و بڵندی گیان... لە بەرەبەیان ئاسوودەیی بۆ دێتەوە و خەڵوەت دەگرێ، لە دفنەکانی گیاندارێکی مووچڕکەداری نادیار دەگرێ... ماوەیەکی تر لەوانەیە، دوای ئەوەی دەستەکانی ئازاد دەبێ بۆندار بە عەتری هەناو لەناو ڕۆژدا هەنگاو دەنێ بیری ڕۆشنی خۆی بە دۆی تازە ئاو دەدا...

((نیوەڕۆ، لە لێواری ستێرکەکان تای خۆی فڕێدەداتە ناو دەستی کچە فێنکە گۆزەکان... جا ئەم ئێوارەیە بە دەم ڕێکردن لە شوێنە بەرین و ڕووتەکان و بە دەم گۆرانیگوتن لە شەو، لە گۆرانییە هەرە جوانەکانی میر بۆ شەمشەمە کوێرەکانمان کە خۆراکیان هەژیری گەییوە...)).

بەم جۆرە قسەکردن و ئاخاوتن... دەنگی دی لەسەر بەشی ئەو بەرز دەبێتەوە:

((دەمی داخراو بۆ هەتاهەتایێ لەسەر گەڵای گیان...! دەڵێن لاواز، کە لە پیت و فەڕی چینی شاهانە هەڵدێ و لەسەر حەسیری تەنک هاموشۆی کچە هەرە باریکەلەکان دەکا، لە دووری بەدفەڕی شاژنی شێت دەژی (شاژنی هاندراو بە سۆز وەك ڕەوانی سك) ئینجا هەندێ

جاریش هێنانەوەی لچکێك قوماش بەسەر ڕووخساریدا، پرسیار لە خەیاڵە ڕوون و وریاکانی خۆی دەکات وەك گەلێکی خوێندە لە پەراوێزی گەنیوە درۆزنەکان... هیی دی لەناو ڕۆشنایی بینیبوویان، هۆشیار بەرامبەر بایەکی خۆی وەك پیاوێك کە چاودێریی وردی زەردەواڵەی خاك دەکا، یانیش دانیشتوو لەناو سێبەری ئاوریشمی، وەك ئەوەی لە شەوی هەیوەشەو دەڵێ: "دەبا بۆم بێنن، بێداری دەکەم و خەواڵوو نیم، دەبا ئەو کتێبەم بۆ بێنن کە لە بارەی سەربردە هەرە کۆنەکانە.... یانیش مێژوو، بۆنی ئەو کتێبانەم پێ خۆشە کە لە چەرمی بزنن و

(خەواڵووش نیم).)).

((... وەك هیی بن نیشانەی هەنیەی، برژانگە هاندراوەکان بە سێبەرە نەمرەکان و ڕیشی پڕ لە هەلاڵەی حیکمەت، میری بۆنکراو بە هەنگی سەر کورسییەکەی کە لە دارێکی بنەوشەییە و زۆر بۆنداره، بێداری دەکا. جا لێرەوەیە پیشەکەی. جا نموونەی دی نییە لەنێو ئێمە".
بەم جۆرە قسە کردن و ئاخاوتن، کورسی لە ناوەکەی دروست دەکەن. منیش بارگیرەکانی خۆم کۆکردنەوە و ڕوو لە وڵاتێك دەکەم خاکەکەی ئەرخەوانی بێ، وڵاتی ئەو. دیاریم بۆ ئەو پێیە لەگەڵ وشەیەکی بێدەنگ.

***

لە بارەی شاوە قسە دەکەم، ڕازێنەرەوەی بێدارییەکان، شەرەفی ئاقڵی بێشەرەف.

٣

هەموو وەرزێك لەگەڵ باڵندەیەكی كەسك دەگەڕێمەوە، قسان بكا لەناو قامكم. هاوڕێی میری تەمبەڵ. جا هاتنم بە دەمی ڕووبارەكان گەیەندرا. نامەیەكم بە خەڵكی لێوار بۆ دەنێری:

((برادەرایەتی میر! خێراكە... لەوانەیە دروستی ئەو دابەش بكرێ. جا دڵنیاییشی وەك خوانێكی دڵخواز... هەموو وەرزێك لە هەرە بڵندترین ڕەوانی دەریا چاوەڕێت دەكەم... جەنگ، بازرگانی، دانەوەی قەرزە ئایینییەكان هەردەم هۆی جێ گۆڕینە دوورەكانن: هەرچی تۆی، تۆ ئارەزووت لە جێ گۆڕینە درێژە بێ هۆیەكانە. من ئەم ئازارەی ڕۆح دەناسم، فێری سەرچاوەی ئازارەكانت دەكەم. خێراكە.

((جا گەر زانست هێشتا باڵای كرد، ئەمەش شتێكە وەك پلانێك كە هەمە پشكنینی بۆ بكەم. وەك ئەوەی لەسەر ڕێگەی خۆی، دارێكی شانەهەنگدار لە لای ڕاست لەناو قەڵەمڕەوی هەنگڤین دەدۆزێتەوە، میوەی حیكمەت لێ دەكەمەوە و سوود لە ڕاوێژت وەردەگرم. لە ئێوارانی وشكەساڵیی مەزن لەسەر زەمین، شتەكانی ئەقڵ دادەمەزرێنین، شتە جێگیر و نادڵنیاكان. جا دەسخۆشی لە خۆمان دەكەین بۆ حەز و ئارەزووەكانمان بۆ ئەقڵ... بەڵام لە نەژادێكەوە بۆ یەكێكی دی ڕێگە درێژە، منیش كارم لە لایەكی دیەوە هەیە. خێراكە. چاوەڕێت دەكەم...! ڕێگەی زۆنگاو بگرە یان هیی درەختی كافوور)).

ئەمە بوو نامەكەی، لە حەكیمێكەوە هاتووە، وەڵامیشم ئەمەیە:

((شکۆمەندیی بۆ میر بە ناوەکەی خۆیەوە. چارەنووسی ئینسان تاریکە، بەڵام هەندێك شایەتی دەدەن نایابە. لە ئێوارانی وشکەساڵیی مەزن لەسەر زەمین، بیستوومە لەم لایەی جیهان باسی تۆ دەکەن، پەسنەکەش لاواز نەبووە. ناوت سێبەر بۆ درەختێکی گەورە دەکا، ئەمە بۆ پیاوانی خۆڵەمێش باس دەکەم، لەسەر ڕێگەکان، کە هەندێ جار لێی فێنك دەبنەوە.

((هێشتا ئەمەشم هەیە پێت بڵێم:

((پەیامەکەتم خوێندەوە. بە برادەرایەتی ڕازی بووینە، وەك دیارییەك لە گەڵا بۆندارەکان: دڵم تێیدا فێنك دەبێتەوە... وەك بای شەماڵ، کاتێ کە بە قووڵی لەناو ڕووبارەکانەوە پاڵ بە ئاوی دەریاوە دەنێ (ئینجا بۆ دۆزینەوەی ئاوی خواردنەوە دەبێ ڕایکێشی بۆ سەرچاوەی ئاوەکان)، سامان و بەختێکی هاوتای، ئەمەش بۆ لای تۆم دەهێنێ. ئینجا خێرا دەکەم و بە دەم ڕێگەوە گەڵا وروژێنەرەکان دەجووم)).

ئەمە بوو نامەی من کە لە ڕێیە. لەگەڵ ئەمەش چاوەڕێم دەکا، بە دەم دانیشتن لە سێبەری دەروازەی خۆی.

***

لە بارەی شاوە قسە دەکەم، ڕازێنەرەوەی بێدارییەکان،
شەرەفی ئاقڵی بێشەرەف.

## ٤

... دانیــشتوو لە ســێبەری دەروازەی خــۆی، لە نــاو هــوڕای مێــرووە قاقڕەکان (کێ داوای ئەوە دەکا ئەم پەسنەی بــن گەڵایــان ڕاگــرین؟) نەزۆك نا لەبەر دەروازەی خۆی، بەڵکــو زیــاتر گــوڵنەواز بە وشــەیەکی پوخت و پێکەنین بە وشەیەکی دروست،

دانیشتوو بە ڕاوێژی لە جــێ لەنــاو یارییەکــانی دەروازە، هەڵکــڕێنەری حیکمەت و سادەیی لەبن دەسەسرێك لەســەر (ئینجــا نــۆرەی دێ زار بهەژێنێ، جگ یان هەڵماتێنەکان): بەم جۆرە لەسەر دەروازەی خــۆی، لەناکاو بۆی پەیدا بووم، لە کۆتایی ڕۆژ، لەنێوان یەقکەرەوەکانی سفر.

ئەمەتــا فەرمــوو هەڵدەســتێتەوە! وەســتاوە و قورســە بە وەچەکــان و کــۆرپەی شــاژنەکان و خۆداپۆشــینی هەمــوو جەســته بە زێــڕ لە سەروەختی هاتنی، وێڕای دابەزین بە ڕاســتی لە پــایەیەك، دوو پــایە، لەوانەیە زیاتریش، وێــڕای گــوتنی: ((ئــای گەڕیــدە...)) ئەی نەمبینــی بەرەو من بێ...؟ ئینجــا ســەرەڕای ئەو هەمــوو خوێنــدەوارە، پــۆپیتەی زەردەخەنەیەك ڕابەریم دەکا تا لای ئەو.

لەم ماوەیەش ژنەکان ئامێرەکانی یارییان کــۆکردنەوە، جــگ یــان زار: ((بەیانی لە بارەی شتانێکەوە قسە دەکەین کە بۆ ئێرەت دەهێنن...)).

بەیانی پیاوانی کاروانیش بە نۆرەی خۆیان دەگەن، نیشتەجێ دەکرێن، دەشۆرێن، پێشکەش بە ژنەکــان دەکــرێن بــۆ شــەو: ((دەبــا ئاگــاداری گیانەوەرە بلیمەتەکان بین...)).

ئینجا شەو دێ پێش ئەوەی ئێمە بە نەریتەکانی ئەم شوێنانە ڕابێـین. گیانلەبەرەکـان باڕەیـان دێ لەنێـو ئـێمە. گۆڕەپـانی زۆر گەورە لەبەر دەرگاکانمان باریکەڕێیەکی درێژ دەیـانبڕێ. تـوولەڕێی فێنـك ڕێـگەی خۆیـان دەکەنەوە تـا لای ئـێمە، ئینجـا جـووڵەیەك لەسـەر دونـدەی سـەرچڵی گیـا دەکـا. هەنگەکـان بـۆ گەڕان بە دوای هەرە بەرزتـرین درەختی ناو ڕۆشنایی کوورەکانی خۆیان جێ دێڵن. هەنیەکانمـان والا دەبـــنەوە، ژنەکـــانیش کەزییەکانیـــان لەســـەر ســـەریان دەردەخەن. دەنگەکانیش ئێوارە هەڵدەگرن، هەموو ڕێگە کش و ماتەکانی جیهـان کراوەن. ڕووەکە ڕۆندارەکانمان هاڕی. ڕووبار پڕ لە بڵقە و ئێوارەش پـڕ لە باڵ، ئاسمانیش لە ڕەگێکی گوڵەباغی سووری لاولاوییە. ئیتر لێرەوە نە بواری کردە هەیە نە ژماردن، بەڵام بێهێزیـی هەمـوو ئەنـدامەکانی جەستەی هەرە بەهێزیان دەگرێتەوە، وەختیش فراوانترە لەم وەختەی ئێستا، بەڵام ئێمە هەرگیز نەمانبینیوە...

لە دوور، وڵاتە زەمـــین ســـپییەکان هەن، یـــانیش وڵاتـــی ئەردەواز[1] پیاوانی شارستانییە بەراییەکان لەناو چیاکان وێڵن. جا وڵاتیش بەڕێـوە دەچێ... لەبن ساپیتەی چرا تروسکایی دەگا.

***

لە بارەی شاوە قسە دەکەم، ڕازێنەرەوەی بێدارییەکان، شەرەفی ئاقڵی بێشەرەف.

---

[1] جۆرە بەردێکی بۆر و شینباوە بۆ داپۆشینی بان بەکاردێ.

# مێژووی شازادە

تۆ سەرنەکەوتی! تۆ سەرنەکەوتی! خوێن چەند جوان بـوو، دەسـتیش بە پەنجەی گەورە و پەنجەکانی تر تیغێکی دەسڕییەوە...!
لەو کاتەی چەندان مانگ تێپەڕیون، ئێمەش گەرمامـان بـوو. بە یـادم دێـتەوە ژنـان هەبـوون بە خۆیـان و قەفەزە سـەوزەکانی باڵنـدان هەڵدەهاتن، پەککەوتەکانیش نەفرەتیان دەنارد و شکانی ئاسوودەش لە گەورەترین دەریاچەی ئەم وڵاتە...، پەیامبەریش لە پشت پەرژینەکان، لەسەر وشترەمێیەکی ناشرین ڕایدەکرد...
ئینجـا لە تەواوی ئێـوارەیەك، لە دەوری ئـاگر، لەنێـوان ئەمـانە هەرە شـارەزاترمان ڕێکخـستەوە کە دەزانـێ لەسـەر شمـشاڵ و سێگۆشـە سروودێك ڕابگرێ.
ئەوانەش کە زۆر خۆیـان مانـدوو کـردووە لەبـن بـاری میـوەی مـرۆ دەڕووخان. شاکانیش بە ڕووتی لەناو بـۆنی مەرگ دەخەوتـن. جـا لەو وەختەی کە حەماسەت خۆڵەمێشی برادەرایەتی بەجێ دەهێشت.
ئێمە ئەم ئێسقانە سپییانەمان کـۆکردنەوە، فەرمـوو ئەمەتـا، کە لەنـاو شەرابی پاك مەلە دەکەن.

## گۆرانیی شازاده

شەرەف لە زیندووەکان دەنێم، ڕووخسارم لەنێو ئێوە.
جا یەکێکیان لە لای ڕاستم لەناو هەراوسەدای گیانی قسەم بۆ دەکا و
ئەوی دی سواری کەشتی دەبێ،
سوارچاکەکە خۆی بە ڕمەکەی ڕادەگرێ بۆ خواردنەوە.
(کورسیی بۆیەکراوی پیرەکە بخەنە بەر سێبەر لە دەروازی خۆی.)

***

شەرەف لە زیندووەکان دەنێم، دلۆڤانیم لەنێو ئێوە
بە ژنەکان بڵێن خۆراك بخۆن
لەسەر زەمین خۆراك بدەنە ئەو دووکەڵە باریکە... ئینجا پیاوەکەش
لەناو خەونەکانی هەنگاو دەنێ و بەرەو دەریا دەچێ

دووکەڵیش لە کۆتایی بەرزەخەکان هەڵدەستێ.

***

شەرەف لە زیندووەکان دەنێم، نەمانی ئۆقرەم لەنێو ئێوە.
سەگەکان، هۆ سەگەکانم، ئێمە فیکە بۆ ئێوە لێ دەدەین...
جا خانووی قورس بە باری شەرەف و ساڵی زەرد لەنێو گەلاکان
شتێکی کەمن بۆ دڵی مرۆ
بیری لێ بکاتەوە:
هەموو ڕێگەکانی جیهان لەناو لەپی دەست دەمانخوا!

## مەنفا

پێشکەشە بە ئارشیبالد ماکلێش

١

دەرگا کراوەکان بەسەر لم، دەرگا کراوەکان بەسەر مەنفا.
کلیلیش بۆ خەڵکی فەنەر[(١)] و ئەستێرەی ژەنگاوی زینـدووش لەسـەر دەروازە:
مێوانەکەم، ماڵە شووشەکەت لەناو لم بۆم بەجێ بهێڵە....
هاوینی ئاهەك ئاسنە ڕمەکانی لەناو برینەکانمان تیژ دەکاتەوە
شوێنێکی دیار و هیچ هەڵدەبژێرم وەك ئێسقانگەی وەرزەکان و
لەسەر هەموو کەنارە لمییەکانی ئەم جیهانە، ڕۆحی خودا سـەحرا وەك چینە ئەسبێسەکەی هەڵدەمژێ.
گرژبوونەوەکانی بروسکە بۆ گەشانەوەی میرەکانی تۆریدە.[(٢)]

---

[1] مەبەسـت لە فەنەر ئەو منـارە فەنەرانەیە لەسـەر لێـواری دەریاکـان بـۆ ڕابەری کەشتییەکان.
[2] مەبەست لە میرەکانی نیمچەدوورگەی کریمە لە سەردەمی یۆنانییەکان.

## ٢

تامی پاکی ئەم سرووده پێشکەش بە هیچ کەنارێك نییە، بە هیچ لاپەڕەیەك ناسپێردرێ....

هیی دی لەناو پەرستگەکان قۆچی ڕەنگکراوی عەرشەکانیان دەگرت: شکۆمەندیم لەسەر لمەکانە! شکۆمەندیم لەسەر لمەکانە..! ئەمەش ئاوارەیی نییە، ئای بێگانە، هاموشۆی هەوای هەرە پاك بۆ بەیەکەوەبەستنەوەی لە لمەکانی مەنفا قەسیدەیەکی گەورەی لەدایکبوو لە هیچ، قەسیدەیەکی گەورە هیچ بەرپا دەکا...

فووکەن، ئای دارلاستیکەکان بە درێژایی جیهان، گۆرانی بڵێن، ئای سەدەفەکانی سەر ئاوەکان!

لەسەر هەڵدێر، لەسەر پڕووشەی ئاو و دووکەڵی لم خۆم دامەزراندووە. لەناو ستێرك و لەناو کەشتییە چۆڵەکان دەخەوم،

لە هەموو شوێنێکی بێهوودە و بێتام کە تێیدا تامی مەزنیی ڕاکشاوە.

بای کەمتر پەسنی خێزانی ژولی[1] دەکرد، هاوپەیمانی کەمتر یارمەتی چینی کاهینەکانی دەدا.

((ئەو شوێنەی لمەکان بۆی دەچن بە گۆرانی خۆیان میرەکانی مەنفاش بۆی دەچن، ئەو شوێنەی چارۆکە توند و بڵندەکان لێی بوون پاشماوەی هەرە ئاوریشمی وەك خەونێکی عود دروستکەر بۆی دەچێ

((ئەو شوێنەی کردە گەورەکانی جەنگی لێ بوو دەمێکە شەویلاگی گوێدرێژ لێی سپی بووە

---

[1] ژول سێزاری چوارەم، ئیمپراتۆری ڕۆمانەکان کە لە ١٣ی پێش زایین لە دایکبووە و لە ٤٤ی زایین مردووە.

((دەریاش بە بازنەیەکی هەراوسەدای کاژەلاکی لەسەر لێوارەکان غلۆر دەکاتەوە
جا هەموو شتێکی جیهان بۆ ئەو بێهوودە بێ، ئەمە وەك ئێوارەیەکە،
لە لێواری جیهان، بۆمانیان گێڕایەوە (سوپاکانی با لەناو لمەکانی مەنفا...)

حیکمەتی کەف. ئای بۆنی گەنیوی ئەقڵ لەناو قرچوهوڕی خوێ و شیری ئاهەکی زیندوو!
زانستێك دەمخاتە ناو توندوتیژییەکانی گیان... با مێژووی چەتەکانی دەریامان بۆ دەگێڕێتەوە، با ڕق و کینەکانیمان بۆ دەگێڕێتەوە!
وەك سوارچاك، لغاو لەناو دەست، لە دەروازەی سەحرا، لە سیرك چاودێری بەرینترین بەرەڵابوونی نیشانە هەرە سپەهییەکان دەکەم،
سپێدەش بۆ ئەوەی پەنجەی والاکردنی خۆیمان بۆ بهێنێ لەنێو نووسینە پیرۆزەکان.
مەنفا دوێنێ نییە! مەنفا دوێنێ نییە! ((ئای پاشماوەکان، ئای گریمانەکان))،
بە بێگانەکە بڵێ لەنێو لم، ((هەموو شتێك لەم جیهانە بۆ من نوێیە...!))
و لەدایکبوونی گۆرانییەکەشی کەمتر بۆ ئەو بێگانە نییە.

٣

هەردەم ئەم هەراوسەدایە هەبووە
هەردەم ئەم جوانی بێوێنەیە هەبووە
ئینجا شەڕەشێریێکی بڵندی ڕێبڕ بە درێژایی ئەم جیهانە، وەك نەتوانینی ژماردنی گەلانی کۆچڕەو، وەك دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەکان بە هۆی دەمەقاڵەی پریتۆری، ها![1]
وەك پەنمانی لێوان لەسەر لە دایکبوونی کتێبە گەورەکان،

((ئەو شتە گەورە کەڕەی بە درێژایی ئەم جیهانە
کە لەناکاو گەشە دەکا وەك مەستی.
((هەردەم ئەم هەراوسەدایە هەبووە، هەردەم ئەم مەزنییە هەبووە.
((ئەو شتە وێڵەی ناو جیهان، ئەو بەرزەتۆقینەی ناو ئەمسەر و ئەوسەری جیهان و لەسەر هەموو کەنارەکانی ئەم جیهانە، لە هەمان بای گۆکراو، لە هەمان شەپۆلی گوتراو
((تا یەك ڕستەی درێژ بێ وەستان بۆ هەتاهەتایە تەلیسم....
هەردەم ئەم هەراوسەدایە هەبووە، هەردەم ئەم تۆقینە هەبووە.
ئینجا ئەم بەرزە شەپۆلدانەوە پڕ لە دەروازە، هەردەم، لە لوتکەی ئارەزوو، هەمان نۆرس لەسەر شان، هەمان نۆرس لەسەر هەوای ئەو، بە شەقەی باڵ لێك گرێدانەوەی کۆپلە شیعرەکانی مەنفا لەسەر هەموو لێوارە لمییەکانی ئەم جیهانە، هەمان بای گۆکراو، هەمان ناڵەی بێپایان

[1] پریتۆری: پایەی حاکمی شەرعیی ڕۆمانەکانە.

(وێڵ بوون بە دوای گیانی کۆچەریم لەسەر لم....)

من دەتناسم، ئای دڕندە! ئەمەتـا فەرمـوو ڕووبەڕوو بەرامـبەر یەکـین.
دەکەوینەوە ناو هەمان ئاخاوتنی بێپایان.
جا ئێوەش دەتوانن ئەرگومێنتەکانتان پێـشکەش بـکەن وەك قەپـۆزی
نزمی سەر ئاو: لێت ناگەڕێم نە پشوو بدەی نە مۆڵەت.
لەسەر زۆر لە کەنارە لماوییەکان کە خەڵکیـان زۆر بـۆ دەچـێ پـێش
ڕۆژهەڵاتن پێیەکانم شۆراون، لەسەر زۆر لە چینە چۆڵوهۆڵەکان گیانم
دراوەتە سەرەتانی بێدەنگی. ئیتر هێشتا چیت لە من دەوێ، ئای بـای
ڕەسەن؟ ئەی ئێوە، پێتان چۆنە هێشتا لێوی زیندووم ڕاکێشن،
ئای هێزی گەڕۆکی سەر دەروازەکەم، ئای سواڵکەری ناو دەنگەکانمان
و لەسەر شوێنپێیەکانی دەستبڵاو؟
با پیریی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، با لاویی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە....
بەخشندەیی، ئای میر، مەنفاکەت!
جا لەناکاو هەموو هێز و ئامادەگیم، تێیـدا هێـشتا، بـابەتی "نەبـوون"
دووکەڵ دەکا.

((بەرزتر، هەموو شـەوێك، ئەم هەراوسـەدایە لاڵە لەسـەر دەروازەکەم،
بەڕێز، هەموو شەوێك، هەڵسانەوەی سەدەکان لەبن پوولەکەکان

((ئینجا، لەسەر کەنارە لماوییەکان ئەم جیهانە، قەسیدەیەکی هیجـای
دڕندەتر بوونم دەکاتە خۆراکی خۆی....!
((ئەم هەموو بڵندایيە لێواری ئەسـتووندەی دەروازەکەت مانـدوو ناکـا،
ئای هەڵگری شمشێر لە بەرەبەیان
((ئای هەڵۆناس بە هۆی گۆشەکانی خۆراکدەری کچـانی هەرە ترشـی
بن قەڵەمی ئاسن!

((هەموو شتێك بۆ لە دایكبوون زەندەقی دەچێ لە ڕۆژهەڵاتی جیهان،
هەموو گۆشتێكی لەدایكبوو بە یەكەم ئاگری ڕۆژ شاد دەبێ
((ئەمەتا فەرموو دەنگەدەنگێك هەڵـدەكا بەرینتـر بە درێژایـی جیهـان،
وەك سەرلەنوێزیندووبوونەوەی ڕۆح...
((تۆ دیارە بێدەنگ نابی، هەراوسەدا! تا من هەموو دڵـسۆزییەكی مـرۆ
ڕووت نەكەمەوە لەسەر لم. (كێ هێشتا دەزانێ شوێنی لەدایكبوونم؟)

٤

سەیر بوو شەو كە تێیدا ئەم هەموو بایە لە چوارڕیانی ژوورەكاندا ئاوارە بووبوون...
كەواتە كێ پێش گزنگ لە كۆتاییەكانی جیهان لەگەڵ ئەم هـاوارە بـۆ من دەگەڕێ؟ كام كچی گەورەی زیزكـراو بـوو كە ورشــەی باڵەكـانی دەهات زیارەتی دەروازەكانی كرد، كام كچی نەفرەتلێكراو بوو؟
لەو دەمەی ئەو بورجانەی شیاوی كەوتنن وشەی دەگۆڕێ بۆ پیـاوانی مەنفا، دەكەویتە ناو لم بۆ گەڕان بە دوای خودایەكی پاك؟
هەمـوو شـوێنێكی گەڕان نـاوی سـۆزانی بـوو لە لای كاهینەكـان، لە ئەشكەوتە سەوزەكانی سیبیل[1] و لە بەیانی لەسەر دەروازەكەمان زانی شوێنپێیە ڕووتەكان لەنێو نووسینە پیرۆزەكان ڕەشكاتەوە...
خزمەتكارەكان، ئێوە خزمەتتان دەكرد و بێهوودە، چارۆكە فێنكەكانتان بۆ مردنی وشەیەكی پاك بڵاو دەكردەوە.

لەسەر ناڵەكانی باڵندەی زیقـاوڵە بـوو، گزنگـی نـاڵەدار بـوو دیرانـی[1] بارانیی وێڵی وشەیەكی پاك بوو.

---

[1] سیبیل: ئەو ژنە پەیامبەرەیە لە پەرستگەكانی دێلف لە یۆنانی كۆن پەیامی خودایی هەبووە.

ئینجا لەسەر لێوارە کۆنەکان بوو ناوی منیان بانگ کرد... ڕۆحی خـودا لەنێو خۆڵەمێشی مێرووەکان دووکەڵی دەکرد.
ئینجا کەی بوو لەنێو لمی گوشراو ئەم جەوهەرە سیسەی ئەو ڕۆژە،
هەنـــدێ بەشـــی جـــوانی مێژووەکـــان لە ئاوەژووبوونـــدان لەســـەر هێوربـوونەوەی چەرخەکـان، لەنـاو ئاسـمانی پـڕ لە هەڵە و گەڕانـی گریمانەکان، مێژووەکان خۆیان وەردەچەرخێنن بۆ تامی پەراوێزنووسە کۆنەکان.
جا کەواتە کێی دی لێرە بوو لەسەر بـاڵەکەی خـۆی؟ جـا کەواتە لەم شەوە، لەسەر لێوی بێگانەم هێشتا سەرەڕای ناڕەزاییم ئەم سـروودەی لێ بردم؟
هەڵیگێڕەوە، ئـای نووسـەر، لەسـەر مێـزی لێـوارە لمییەکـان، پـشتی شێوازی مۆمی پەنجەمۆری وشەی بێهوودە.
ئاوەکانی قووڵایی دەیانشۆن، ئاوەکـانی قـووڵایی لەسـەر مێزەکانمـان، جوانترین ڕەنووسەکانی ساڵ.
جا وەختی هاتووە، ئای "سواڵکەر" لەسەر ڕووخساری داخراوی ئـاوێنە گەورەکان بەرد نیشاندراوە لەناو ئەشکەوتەکان
کاهینی لباد لەپێ و پەنجەوانە لە ئاوریـشمی خـاو لەدەسـت، وێـڕای توانایەکی زۆری باسـکەکانی، دەرکەوتنـی نیـشانە قەدەغەکـانی شـەو ڕەش دەکاتەوە.
بەم جۆرەیە کە هەموو غەریزەیەك بـۆ مـووی خـوێ دەچـێ، میـوەی خۆڵەمێشی بێدارییەکانمان، گوڵەبـاغی بـستەباڵای لمەکانتـان و ژنـی پیو¯ی نێردراوە پێش بەرەبەیان....

---

[1] دیـران: کچـانی جـوانی ئەتـلەس بـوون کە ئەپۆلـۆن بە منـداڵانی خـۆی وەرگرتبوون و گەورەی کردبوون.

((... وەك ئەو كەسەی كە خۆی ڕووت دەكاتەوە لەبەر نیگای دەریا، وەك ئەو كەسەی هەڵسایەوە بۆ شكۆلێنان لە یەكەم شەماڵی زەمین (ئەمەتا فەرموو كە هەنیەی لەبن خودە گەورە بووە.))
((دەستەكان ڕووتترن وەك لە ڕۆژی لەدایكبوونم لێویش ئازادتر، گوێش بەو هەموو "ڕووەكی مەرجانی"یە كە ناڵەی تەمەنێكی دی لێی ڕاكشاوە[1].
((ئەمەتا من وەرگیراومەتەوە لە لێواری شوێنی لەدایكبوونم... هیچ مێژوویێك نییە جگە لە گیان "ڕۆح" هیچ ئاسوودەییەك نییە جگە لە گیان. لەگەڵ "ئاكین[2] و ئەنۆفیێل"[3] لەگەڵ قەسەڵ و لم، لەگەڵ شتی هەرە لاواز، لەگەڵ شتی هەرە بێهوودە، شتی سادە، سادەیی شت كە ئەمەیە، شتی سادەی بوون لێرە، لەناو ئاوابوونی ڕۆژ....

((لەسەر ئێسكبەندی باڵندەی كورتەباڵا منالْیی ئەم ڕۆژە سەر هەڵدەگرێ، بە جلی دوورگەكان، سووكتر وەك منداڵی سەر ئێسقانە چاڵەكانی نۆرس، هیی باڵندەی ڕاوكەری دەریا، بای شەماڵ كە ئاوە كچەكان بە سەما دەخا لەناو بەرگی پوولەكە بۆ دوورگەكان....
ئای لمەكان، ئای ڕیسێن[4]، ئای، ئای ئێلوترۆنی[1] ئەرخەوانی چارەنووس لەناو جێگیری مەزنی چاو! لەسەر گۆڕەپانی لمی بێ

---

[1] مەبەست لەو ڕووەكە مەرجانییە ڕەنگاوڕەنگانەن Coraux كە لە بنی دەریاكان شین دەبن.

[2] ئاكین، ئەو ڕووەكانەن كە یەک تۆیان هەیە وەک گوڵەبەڕۆژە، پەپو و زۆری تر، بە كوردی بە شەبۆكان ناسراون.

[3] ئەنۆفیل: مێشوولەی مەلاریا.

[4] ماددەیەكی كەتیرەییە لە ڕووەک دەردێ.

توندوتیژی و کلیله پاکەکانی، ڕۆژی تێپەڕیوی ئێسقانێکی سەوز وەك ماسییەکی دوورگەکان...

((نیوەڕۆ گۆرانی دەچڕێ، ئای غەمباری! و جوانی بێوێنەش بەم هاوارەوە کەوتە جووڵە، ئای جوانی بێوێنە! هەر ئەمەندە بەس نییە پێی پێبکەنین لەناو ئەم هەموو فرمێسکانە....

((بەڵام کێ لێرەیە! کێ، لە هەموو حاڵەتێکدا، کە لە ناکاو دیارنامێنێ؟ دەزانم. بینیم. هیچ لەگەڵی ناگونجێ!

دەمێکە ڕۆژەکەی وەك شیر تیر دەبێ.

بێزاری لە مەملەکەتی ئەشکانی لە سێبەرەکەی خۆی دەگەڕێ و غەمباری ویڵیش تامی تاڵی "دوو ڕستە بۆگەنە"[٢]ی خۆی بە هەموو جیهاندا دەبا. ئەو ڤالاییەی داڵەکان لێی دەژین وەك میراتێکی سەیر دەکەونەوە...

شادیی بۆ حەکیم بۆ چاودێریی لەدایکبوونی لێکجیابوونەوەکان...![٣]

ئاسمان زەمینی ڕووتانییە گوڵی ئەزیلیا تێیدا بە دوای خوێی کانەکان ویڵە.

زیاتر لە سەدەیەکە خۆی بە کەوتنی مێژوو دادەپۆشێ.

خۆریش پارە جوانەکانی "سەستێرسی"[٤] خۆی لەناو لم دەشارێتەوە لەبەر هەڵکشانی سێبەرەکان کە تێیاندا بەیتە شیعرەکانی گەواڵە پێ دەگەن.

---

[1] ئێلۆترۆن: باڵی ڕەق، باڵی سوپەر، وەک ئەو باڵانەی هەندێ زیندەوەر هەیانە وەک خاڵخاڵۆکە و قازای بازی هیی دی، لە ژێرەوەی ئەم باڵە باڵێکی دی تەنکتر هەیە دەیپارێزێ، باڵی کالانیشی پێ دەگوترێ.

[2] دوو ڕستە بۆگەنە Euphorbe، ڕووەکێکە لە شێوەی خاس، شیلەیەکی سپی هەیە. بە ئینگلیزی پێی دەگوترێ Spurge.

[3] لێکجیابوونەوە Schisme، مەبەستی شاعیر لێکجیابوونەوە و دووبەرەکییە، وەک شەڕی براکوژی.

[4] پارەیەکی کۆنی ڕۆمانییە.

ئای پاسەوانەکانی بن ئاوی سەوز! کە وەك گیایەکی ڕازێنراوە لەبن دەریاکان هێشتا باسی مەنفامان بۆ دەکەن... و شاعیریش سێبەر لەو گەلا گەورانەی ئاهەك وەردەگرێ، گەلای گوڵداری هەڵدێر، لەسەر بنکەکان: دانتێل بە ماسکی مەرگ...

٦

((... ئەو کەسەی وێڵ دەبێ، لە نیوەشەو، لەسەر دالانە بەردینەکان بۆ هەڵسەنگاندنی پێوانەکانی ئەستێرەیەکی کلکداری جوان، ئەو کەسەی شەونخوونی دەکا، لەنێوان دوو شەڕ بە زولاڵی گلێنەی مەزنی کریستاڵی، ئەو کەسەی بۆ ڕۆژهەلاتن لە خەو ڕادەبێ بۆ پاککردنەوەی نافوورەکان، جا ئەمە کۆتایی پەتا درمەکانە، ئەو کەسەی لە بەرزاییەکی دەریا خۆی و کچەکان و بووکەکانی بە ڕەنگی هەناریی بۆیە دەکا، جا ئیتر پیر بووین لەم خۆڵەمێشانەی خاك...! ((ئەو کەسەی پەسنی شێتی لە ماڵە گەورەکانی ئاهەکی شین دەکا، ئینجا ڕۆژی یەکشەممەیە لەسەر چەوەندەرەکان، لە سەروبەندی نابینایی، ئەو کەسەی دەچێتە سەر ئۆرگۆنە تەنیاکان، لە دەروازەی سوپاکان، ئەو کەسەی ڕۆژێك خەون بە کونە زیندانی شاخ دەبینێ، جا ئەمە کەمێك دوای نیوەڕۆیە، لە وەختی بێوەژنی گەورە، ئەو کەسەی لەناو دەریا هۆشیار دەبێتەوە، لەبن بای دوورگەیەکی نزم، عەتری وشکەساڵیی گوڵەمینایەکی چکۆلە، ئەو کەسەی بێداری دەکا، لەناو بەندەرەکان قۆڵ لەناو قۆڵی ژنانی نەژادێکی دی، جا ئەمەش تامی گیای "ڤیتێڤی"یە[1] لەناو بۆنی بنهەنگڵی شەوی نزم، جا ئەمە کەمێك لە دوای نیوەڕۆیە، لە وەختی چڕبوونەوەی گەورە، ئەو کەسەی، لەناو

[1] گیایەکی بۆندارە لە هیندستان دەڕوێ، بۆن و شتی دیکەی لێ دروست دەکرێ.

بـــۆرژان، هەناســـەی بەســـتراوەتەوە بە هەناســـەی دەریـــا، لە کـــاتی گەڕانەوەی دەریـاش دوای هەڵکـشانی، ئەمەتـا ئەو کەسـەی لەسـەر تەخـــتەکەی خـــۆی وەردەگێـــڕێتەوە وەك ئەو کەشـــتییەی لە دوای تەوژمی با دەگەڕێ....

((ئەو کەسەی تاڵی ڕەنگ لە هەنیەی بەرزترین سەر، ئەو کەسـەی بە خاچێکی سپی ڕووخساری تاوێرەکانی سـەر دەریـا نیـشانە دەکـا، ئەو کەســەی بە شــیرێکی هەژار ســێبەرە ژووره پەناگەکــان لە دامێنـــی بورجەکانی تەلێگراف، جا ئەم شوێنە شوێنی گـوڵە سـنیەر[1] و چەو و زیخە بۆ چەشە و لەزەتی حەکیم، ئەو کەسەی ماڵی خۆی لێ دادەنێ بۆ وەرزەکانی باران، لەگەڵ خەڵکـانی ڕابەر و سـنوورپێوەکان، لە لای پاسەوانی پەرستگەیەکی مـردوو لەوسـەری دوورگە (جـا ئەمە لەسـەر میهمۆزێکی بەردینی بۆر و شینە یان لەسەر بەرزەمێزێکی کەسـتەکی سوور)، ئەو کەسەی لەسـەر نەخـشەکان لەسـەر سـووڕانەوەی تیـژی گەردەلوولەکـــان شـــتەکانی بەیەکەوە دەبەســـتێتەوە، کە لە شـــەوانی زستان، ڕێگە فەلەکیـیە مەزنەکـانی بـۆ ڕوونـاك دەکەنەوە، یـانیش لە خەونـــدا یاســـای دی لەوەرگە مەزنەکـــان و ئاوەژووبوونەکـــان لێـــك جیادەکاتەوە، ئەو کەسەی بەو سەری ئـامێری "سـۆند"[2] لە قـووڵاییە مەزنەکان لە ئارجیلی سوور دەگەڕێ بۆ گۆڕینی شـێوەی خەونەکەی، ئەو کەسەی لە بەندەرەکان قیبلەنومایەك پێشکەش بە خۆی دەکـا بـۆ دەریاوانی ئاسوودەیی...

((ئەو کەسەی لەسەر زەمین دەگەڕێ بۆ دۆزینەوەی شوێنە مەزنەکانی گیـا، کە لەســەر ڕێــگەیەك ڕاوێــژ پێــشکەش دەکـا بـۆ چارەسـەری درەختێکی زۆر پیر، ئەو کەسەی دەچێـتە سـەر بـورجە ئاسـنینەکان، دوای گەواڵە، بۆ فێنك کردنەوەی ئەم تامەی کرێپی تـاری ئاگرەکـانی

---

[1] گیایەکی ڕەنگ خۆڵەمێشییە بۆ جوانی بەکاردێ.

[2] ئامێری پشکنینی قووڵایی.

دڕکی دارستانەکان، ئەو کەسەی بێداری دەکا، لە شوێنە نەزۆکەکـان، لەو شوێنەی هێڵە مەزنەکانی تەلێگرافیکی لێ دەردەچێ، ئەو کەسەی شوێنی ڕاکشان و وەستان و دابەزینی کابلناسـەکانی نـاو نقورڤانەکـان دەزانێ، کە خۆیان لەبن تیمار دەکەن، لەناو ئێسقانگەکان و زێرابەکان (جا ئەمە هەر توێکڵ هەڵدانەوەی زەمیـنە.) ئامێرەکـانی خوێنـدنەوەی بوومەلەرزەی پوخت و ڕەوان....

((ئەو کەسەی لەسەروبەندی هێرش و داگیرکردن، دەبێ سەرپەرشتی سیستەمی ئاو بکا و زیـارەتی سـتێرکە گەورەکـان دەکـا مانـدووبوونە ئەوەندەی زەماوەندی ناکام هەڵکێشن، ئەو کەسەی فیتـنە و ڕاپەڕیـن لە لای خـۆی دەهێڵێـتەوە، لە پـشت پاشەسـەرێك لە زێـڕی سـەوز، گوڵخانە گەورە و گەنیوەکانی باخچەی ڕووەکناسی، ئیجارە گەورەکانی پارە، بەرزونزمی و تـووتن و کـۆگەی فەنەرەکـانی دەریـا، کە تیایانـدا ئەفسانە و لالەکان هات و چوونیانە، ئەو کەسەی نۆبەتداری خـۆی لە سەروبەندی ئابڵوقەدان دەکا، لەناو هەڵە مەزنەکانـدا کە تێیانـدا لەبـن شووشە، زرێیەکانی زیندەوەران و پەپوولە دەخوولێنەوە، چراکانی بەرز دەکاتەوە بۆ ستێرکی پیرەزەوی، یان لاواز، شاژنی ئێسقان ڕاگیـراو بە دەرزیی ئاڵتوونی هەلاتنی سەدەکان بەبن کەزییە سوبێرییەکانی[1] ئەو کەسـەی لە سـوپایان کەسـێکی نەژاد تـێکەڵاوی زۆر دەگـمەن لە گوڵەباغی دڕکاوی هیمالایا ڕزگار دەکـا، ئەو کەسـەی ئینکارییەکـانی خۆی ڕێك دەخاتەوە لە مـایەپووچبوونە گەورەکـانی دەوڵەت، لوکـسە ناجێگیرەکانی لەوەڕگەکان، لەوەڕگەی خشتی کێوی لەبـن گەلاکـان، وەك گوڵجارە بنەوشەیی و سوورەکان لەبن ڕازی گەواڵە، وەك هەلاڵەی جوان پڕ لە شاژنی کێوی، هیی تاریکستان، هیی بخـوور و جەوهەری نێر....

---

[1] سوبێر، صبار، گیایەکی سەحراییە.

((ئەو کەســەی لە ســەردەمی گرفــت پاســەوانیی کەشــتییە بەرزە مۆرکراوەکان ڕێـك دەخـات، بە ئەڵـقەیەك لە ڕووبـاری ڕەنـگ یـۆدی، ڕەنگی چڵکـاو (جـا لە تخـووبی ڕوونـاکی سـاپیتەی شووشـەبەند، لە ساڵۆنە گەورەکانی داپۆشراو بە لەیادچوون، ئەمەش ڕۆشـنایی سـوبێرە بۆ سەدەکان و بۆ هەتاهەتایە بە وریایی لەناو دەریا دەمێنێـتەوە)، ئەو کەسەی خۆی خەریك دەکـات لەگەڵ کەسـانی کەم، لەسـەر شـوێنی بیناکردنەکان و لێواری دەریاکان کە لە لایەن خەڵکەوە چـۆڵ کـراوە، دوای تێهەڵدانی تویکلێکی گەورەی سێ ساڵانە، ئەو کەسەی پیـشەی پەسەندکردنی کەشتییەکانە، ئەمەی ئەولاش کە ڕۆژێـك بـۆنی گیـانی خۆی دەدۆزێتەوە لەناو دار و ڕووپۆشی یەختێکی نـوێ، ئەو کەسـەی کە بە گومــانەوە چــاودێریی هاوتــابوونی شــەو و ڕۆژ دەکــا لەســەر سەنگەرەکانی ڕەسیفی بەندەر، لەسەر شانە بەرزە دەنگدارەکانی بەنداوە گەورەکانی ناو چیا و لەسەر بەنداوە هارەکانی ئۆقیانووس، ئەو کەسەی لەناکــاو، هەمــوو هەناســەیەکی کوشــندەی ئەم جیهــانە لەنــاو هێوربوونەوەی سایلۆ گەورەکان و کۆگەکانی دانەوێڵەی کۆلۆنیالی بڵاو دەبێتەوە، لەو شوێنەی کە بەهـارات و تـۆوی کەسـك بـۆ مانگەکـانی زسـتانان دەپەنمـێن، وەك داهێنـان لەسـەر تەخـتە بێتـامەکەی، ئەو کەسەی دوا وشەی کۆنگرە گەورەکانی چیاناسی، کەشناسـی دەڵـێ و ئەمەش وەختی ئەوەیە سەر بدەی لە پێشناگەی پڕ لە دارودرەخـت و ئەکواریـۆم و گەڕەکـی کچەکـان و بەردتاشـە بەرد ڕێـك و شووشـەی ڕووشەکان...

((ئەو کەسەی حسابێك لە بانك دەکاتەوە بۆ گەڕان بە دوای ئەقڵ، ئەو کەسەی دەچێتە ناو سیرکی کارە نوێیەکانی لەناو گەورەترین نمایشی بوون و هیی سێ ڕۆژ، هیچ کەسێك نیگای لەسەر بێدەنگیی ئەو نیـیە جگە لە دایکی، هیچ کەسێك بۆی نییە بچێتە ژووری نووستنی، جـگە لە پیرتـرین ژنە خزمەتکـار، ئەو کەسـەی بـارگیرەکەی دەبـاتە سـەر

کانییەکان، بێ ئەوەی خۆی بخواتەوە، ئەو کەسەی خەون دەبینێ، خەون بە پیشەی زیندوورین دەبینێ، خەون بە عەترێکی ئەوەندە دەگمەن وەك ئەوەی شەمێ، ئەو کەسەی، وەك بابور[1]، کە بەرگی شاعیری لەنێوان دوو کەردەی نێرانەی مەزن دەپۆشێ بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕووخساری سەکۆیەکی جوان، ئەو کەسەی لە دۆشداماندا دەکەوێ لە کاتی پێشکەشکردنی کەشتیی چارۆکەدار و ئەم سوراحییانەش بۆ پەردەی گوێن، وەك ئەو گوێیانەی گیراون بۆ دەنگی بیستراو، ئەو کەسەی لەسەرزەمینی دەستی– مردوو، دوا کێڵگەی لەقلەق لەگەڵ کارە جوانەکانی ڕاوکردنی گیانەوەرە دڕندە و کێوییەکان و هەڵۆبازی بە میراتی خۆی دەزانێ، ئەو کەسەی لە شار بازرگانی دەکا، بازرگانیی کتێبی زۆر مەزن، کتێبی فەلەکناسی، کتێبی ڕابەر و نەخشە کۆنەکانی دەریاوانی و کتێبی گیانەوەران، ئەو کەسەی لە خەمی ڕووداوەکانی دەنگسازییە، لە خەمی تێکچوون و گۆڕانی نیشانەکانە، نیشانەکانی خوران و لەناوچوونە گەورەکانی زمان، ئەو کەسەی بەشداری لە گفتوگۆ سێمانتیکییەکان دەکا، کە دەسەڵاتی هەیە لەناو ماتماتیکی ناسراو و ڕووی خۆی خۆش دەکا بۆ حسابی زەمەن بۆ ساڵنامەی جەژنەکان، گەڕۆکەکان (ژمارەی زێڕەکان، داوەتی ڕۆمانییەکان، جیاوازیی نێوان ساڵنامەی هەتاوی و قەمەری، نامە گەورەکانی دۆمنیکەکان)[2]، ئەو کەسەی هێزارشی بۆ بەکارهێنانە مەزنەکانی زمان دادەنێ، ئەو کەسەی کە لە شوێنە بەرزەکان، بەردی مەزنی پیشان دەدەن ڕازێنراوەتەوە بە پێداگیریی بڵێسە....

[1] بابور یان بابەر، یەکێ لە شایەکانی هیندستان.

[2] دۆمنیکەکان ئەو کەشیشە مسیۆنێرانە بوون کە ئاییني کریستیانیان بە جیهاندا بڵاو دەکردەوە. ئەمانە لە سەدەی نۆزدەم هاتوونەتە کوردستانیش. "تۆما بوا" کە کوردناسێکی فرەنسییە، یەکێکە لە دۆمنیکە ناسراوەکان لە جیهاندا.

((ئەم کەسانە میرەکانی مەنفان، هیچیان نییە بیکەن لەگەڵ گۆرانییەکی من)).

بێگانە، لەسەر هەموو لێوارەکانی ئەم جیهانە، بێ ئەوەی کەس گوێیان لێ بگرێ، بێ شایەتمان، سەدەفێکی بێ یاداشت لە گوێی خۆرئاوای نزیك دەکاتەوە: مێوانی ڕاگوزاری دامەنی شارەکانمان، تۆ ئاودیو نابی لە دەروازەی "لیۆید" کە تێیدا ئاخاوتنت جووڵەی نییە و ئاڵتوونت بێ ناونیشانە....
((دەچم لەناو ناوم دادەنیشم، ئەمە بوو وەڵامت بۆ پرسیارەکانی بەندەر. ئینجا لەسەر مێزەکانی سەراف، تۆ هیچت نییە جگە لە لێڵیی بەرهەم بهێنی،

وەك ئەو پارە ئاسنینە گەورانەی بە بروسکە لە گۆڕ دەرهێنراون.

٧

((... سینتاکسی بروسکە! ئای زمانی سازگاری مەنفا! دووریی کەنارەکەی دییە کە لێیەوە پەیام هەڵدەبێ:
((دوو هەنییەی ژنان لەبن خۆڵەمێش، هەمان پەنجە گەورەی زیارەتبۆکراو، دوو باڵی ژنانی پەنجەرە، هەمان بای هەڵگیرساو....

((دەخەوتی ئەو شەوە، لەبن درەختی فۆسفۆری گەورە، ئای دڵی ناو هەڵکەوتی نوێژ بە درێژایی ئەم جیهانە، ئای دایکی قەدەغە، کەی بوو لەناو ئاوێنەکانی ژووری نووستن ڕووخساری نەخشێنرا؟

((ئەی تۆ ئەوەندە بەلەز لەبن بروسکە، ئای تۆی ئەوەنـدە بەلەز لەنـاو موچڕکەی سەر کەنارەکەی دی گیان، هاوڕێی هێـزی ئەو و لاوازیـی هێزی ئەو، تۆ کە هەناسەت بۆ هەتاهەتـایە تـێکەڵ بە هەناسـەی ئەو بوو،

((هێشتا لەسەر جێگەی چۆڵی ئەو بوو لەنـاو هەژانـی گیـانی ژنانیـت دادەنیشی؟

((مەنفا دوێنێ نەبوو! مەنفا دوێنێ نەبوو..! بڵێ ئەی ژن، لەبن بانەکەت سروودێکی باڵندەی وڵاتی بەربەری بڵێ...

((تـۆ گـوێ لە گەواڵە نـاگری کە لە دوورەوە هەنگـاوی پێیەکانمـان خێراتر دەکەن، بێ ئەوەی هاواری ژنانەت، لە شەو، هێشتا هێرش بـۆ سەر هەوای هەڵۆی پەنهانی شاراوەی بەختەوەریت نەبا!))

((بێدەنگ بە، لاوازیی، تۆش، عەتـری ژنێـك لەنـاو شـەو وەك هەمـان دۆستی شەو خۆیەتی...

کەچی وێڵە لەسـەر لێوەکـان، لە هەمـوو شـوێنێك وێـڵە لەسـەر دەریاکان، بێدەنگ بە، ناسـکیی، تـۆش ئامـادەگی باڵـداری لە ئاسـتی بەرزایی زینەکەم.

دەگەڕێـمەوە نـاو ڕۆیـشتنە کـۆچەرییەکەی خـۆم، بە درێژایـی دەریای ئەستەم شۆڕ دەبمەوە، هیچ شاپەسەنێکم لەسەر لێوەکان نییە، بەڵام هێشتا لەسەر زمان، وەك خوێیەك ئەم هەوێنەی جیهانی پیر.

نیتر و نـاترۆن[1] بـابەتی مەنفـان. خەیاڵمـان بەرەو کـردە لەسـەر ڕێگەیەکی ئێسکدار ڕادەکا. بروسکە تەختێکم بۆ دادەنێ لە بەرینتـرین نیگارەکـــان. دواجـــار گەواڵە بێهـــوودە ســـنوورپێوەکانی نادیـــاری دەگوازێتەوە.

---

[1] نیتر: باروتی سپی، ناترۆن: کاربۆنی سۆدیۆم.

((ئەمانە کە بوون، لە هیندی ئەتلەنتیك لێـك ڕەت دەبـوون، ئەمـانەی ئەولا کە بۆنی بیری نوێی فێنکایی هەڵـدێر دەکەن، ئەمـانەی ئەولاش کە لەناو قۆچی دەروازەکانی ئایندە  فوو دەکەن،

دەزانن کە لەناو لمی مەنفا سـۆزە مەزنە لوولـدراوەکان لەبـن قـامچی بروسکە فیکە لێ دەدەن...

ئای دەسبڵاو لەبن خـوێ و کەفـی جـۆزەردان! پاسـەوانی زینـدوو لەنێو ئێمە هێزی پەنهانی سروودەکانت!

وەك ئەو کەســەی بە پەیــامبەری دەڵــێ، ئەمەیە پەیــامەکەی: "ڕووخــساری ژنەکانمــان بــشارەوە، هیــی کوڕەکانمــان هەڵــدەوە و نیشانەش ئەوەیە بەردی دەروازەکەت بشۆی.... بە ئەسـپایی نـاوی ئەو کانیاوانەت پێ دەڵێم کە سبەی، تووڕەیی پوخت و ڕێکی ئێمە مەلەی تیا دەکا. "

***

ئینجا وەختی هاتووە، ئای شاعیر، ناوی خۆت، لە دایکبوونـت، نەژادت ڕەت بکەیتەوە.

Long Beach Island (New. Jesey) 1941

# ئاناباز

## ستران

لەبـن گەڵا بڕۆنزییەکـان جوانـووە ماینێـك لەدایـك دەبـوو، پیاوێـك مورتکی تاڵی خستە ناو دەستمان. بێگانە. کە تێدەپەڕی. ئەمەتاش بەو چەشنەی دەخوازم هەراوزەنـای هەرێمەکـانی دیـکەیە... "سـڵاوت لـێ دەکەم کچەکەم، لەژێر بڵندترین درەختی ساڵ."

***

چونکە خۆر دەچێتە بورجی شێر و بێگانەش پەنجەی خستە دەمی مردووەکان. بێگانە. کە پێـدەکەنێ. دەربـارەی گیـایەك قـسەشمان بـۆ دەکات. ئاهـ! ئەو هەموو شنەی هەرێمەکان! کە ئاسـوودەگییە لەسـەر ڕێگەکانمان، کە شیپورم پێ چێـژە و قەڵەمـیش زانـایە بـۆ ڕیـسوایی باڵ...! ((گیانەکەم، کچی گەورەم، ئێوە شێوازی خۆتان هەبوو کە هیی ئێمە نین.))

***

لەبن گەڵا بڕۆنزییەکان جوانـووە ماینێـك لەدایـك بـوو. پیاوێـك ئەو مورتکە تاڵانەی خستە ناو دەسـتمان. بێگـانە. کە تێـدەپەڕی. ئەمەش هەراوزەنایەکی زۆر لەناو درەختێکی بڕۆنزی. زفت و گوڵەباغ، بەهـرەی سـروود! بروسـك و فلـووتی نـاو ژوورەکـان...! ئاهـــ! لەو هەمـوو ئاسوودەگییەی سەر ڕێگەکانمان، ئاهــ! ئەو هەمـوو ڕووداوانەی سـاڵ، "بێگـانە"کەش بە شـێوازەکانی خـۆی بە ڕێگەکـانی هەمـوو زەمینـدا تێدەپەڕی..! ((سڵاوت لێ دەکەم کـچەکەم، لەژێـر جـوانترین کراسـی ساڵ.))

١

به شكۆمەندییەوە خۆم لەسەر سێ وەرزی گەورە هەڵـدەخەم، لەو خاكە ڕادەمێنم كە یاسای خۆمم لەسەری داناوە.

چەكەكان بەیانیان جوانن، دەریاش. بە ئەسـپەكانمان بەخـشرا ئەو خاكە بێ تـۆوەی كە لە لامـان نرخـی ئەو ئاسـمانە بـێگەردەی هەیە. خۆریش ناوی لێ نەنراوە، بەڵام هێزەكەی لەنێوانماندایە و

دەریاش لە بەرەبەیاندا وەك مەزندەی گیانە.

ئەی توانا، تۆ گۆرانیت لەسەر ڕێگە شەوچەرەییەكانمان دەچڕی....! بـۆ تـوخمە ئەرخەوانیـیە پاكەكـانی بەیانیـان چـی دەربـارەی خەون دەزانین، كچی گەورەمان؟

بۆساڵێكی دیكەش لەگەڵ ئێوە! ئاغای گەنم، ئاغای خـوێ، شـتی گشتیش لەسەر تەرازووە ڕێكەكان!

بانگی خەڵكی كەنارێكی دیكە ناكەم. نەخشەی گەڕەكە گەورەكانی شاران لەسەر لێژاییەكان بە شەكری ڕەنـگ مەرجـانی ناكێـشم. بەڵام بەو هیوایەم لەگەڵتان بژیم.

لە دەروازەی ڕەشماڵەكانە شكۆمەندیی پڕ! هێزم لەگەڵتـانە! بیـری پاكیش وەك خوێنشینگەكانی خۆی لە ڕۆژدا دەگرێ.

***

.... كەواتە نیشتەجێی شاری خەونەكانتان دەبووم و لە بازاڕە چۆڵەكان ئەم بازرگانییە پەتییەی گیانی خۆم ڕادەگرت، لەناوتاندا نادیار بـووم و بەم شێوەیە وەك ئاگرێكی خارداری دەم با هاموشۆم دەكرد.

ئەی توانا، تۆ گۆرانیت لەسەر ڕێگە درەخـشانەكانمان دەچـڕی...! ((بۆ لەزەتی خوێیە گشت غەمزەكـانی گیـان...! بە خـوێ ئەو دەمـانە دەژیەنمەوە كە لە  هەژمەتی لەزەت مردوون!

((کــێ، به ستایــشکردنی تێنــوێتی ئــاوی لمــی له خــوزەیەك نەخواردۆتەوە، له بازرگانی گیان بــاوەڕی کەم دەدەمــێ....)) (خــۆریش ناوی لێ نەنراوە، بەڵام هێزەکەی لەنێوانماندایە.)

پیاوەکان، خەڵکی له خۆڵ و له گــشت شــێوەکان، خەڵکــی بازرگانی و ڕابواردن، خەڵکی ناوچە دوور و لایەکانی دیکە. ئۆ خەڵکــی کەمسەنگی ناو یاداشتی ئەم شوێنانە، خەڵکی دۆڵ و بانەکان و لێژاییە هەرە هەورازەکانی ئەم جیهــانە به درێژایــی کەنارەکانمــان، بــۆنکەری ئاماژەکــان، کــشتەکان، تۆبەکــاری شــنە و بایەکــان له ڕۆژئــاوا، شــوێنهەڵگری ڕێگەکــان، وەرزەکــان، هەوار هەڵگــری نــاو کزەبــای بەرەبەیان، ئۆ وێڵەکانی دوای سەرچاوە ئاوی سەر توێکڵی ئەم جیهانە، ئۆ گەڕۆکەکان، ئۆ خاوەن مەبەستەکان بۆ ڕووکردنە شوێنەکانی دیکە،

بازرگــانی به خــوێیەکی بەهێزتــر نــاکەی کە بەیانیــان له نــاو پیشبینییەکانی مەملەکەت و ئاوە مردووە بەرز هەڵواســراوەکانی ســەر دووکەڵی ئەم جیهانە، دەهۆڵەکانی مەنفا لەسەر سنوورەکان ئێــشك له نەمری دەگرن

کە لەسەر لم باوێشکی دێتێ.

***

به بەرگــی پــاك لەنێوانتــان، بــۆ ســاڵێکی دیــکەش لەنێوانتــان.

((شکۆمەندیی من لەسەر ڕووی زەریاکانە، هێزم لەنێوانتاندایە!

شنەی کەنارەکانی دیکە بۆ چارەنووســمان بــڕاوەتەوە و تۆیەکــانی زەمەن بۆ ئەودیو خرۆشانی سەدەیەك دەبەن کە خەریکە ئاوا دەبێ...))

ماتماتیکە هەڵواسراوەکانی سەر تۆپەڵە بەستەڵەکی خوێ! له خاڵە هەستیارەکانی نێوچەوانم کە شیعر خۆی لێ هەڵدەخا، سترانی تەواوی نەتەوەیەك، هەرە سەرخۆشترین دەنووسم،

کە گەمییە نەمرەکان دەهێنێتەوە بەندەر.

## ٢

گەورەتــرین بێــدەنگی لە وڵاتە ئاپۆڕەکــانە، وڵاتــی ئــاپۆڕە بە کوللەکانی نیوەڕۆ.

من هەنگاو دەنــێم، ئێــوەش لە وڵاتێـك کە بەرزە لێژاییەکـانی بە ترجــان داپۆشــراوە گــوزەر دەکەن، لەو شــوێنەی کە جلــوبەرگی ((گەورەکان))ی لێ هەڵدەخەن بۆ وشکبوونەوە.

بەسەر کراســی شــاژن بــاز دەدەیــن، کە هەمــووی لە دانتــێلە و لەگەڵ دوو شریتی ڕەنگ سپیواژی. (ئاهـ! کە ترشی لەشی ژن دەزانێ کراسێك لە بنهەنگڵەوە پیس بکات!)

بەسەر کراسی کـچەکەی شــاژن بــاز دەدەیــن، کە هەمــووی لە دانتێلە و لەگەڵ دوو شریتی ڕەنگ زەق. (ئاهــ! کە زمــانی مــارمێلکە دەزانێ مێروو لە بنهەنگڵەوە بچنێ!)

لەوانەشە ڕۆژئــاوا نەبــێ تــا هەمــان پیــاو بــۆ ژنێـك و کـچەکەی نەسووتێ. پێکەنینە زانای مردووەکـان، دەبـا ئەو میوانەمـان بـۆ سـپی بکەن....! ئینجا چی تر...! ئایـا هـیچ شـکۆمەندی دی لە جیهـانی بـن گوڵەباغی کێوی نییە؟

دێ، لەم لایەی جیهــانەوە دێ، نەخۆشــییەکی گەورەی وەنەوشــەیی لەسەر ئاوەکانەوە دێ، با هەڵدەکات، بای زەریا. جلوبەرگیش

وەك کەشیشێکی پەڕپووت سەرهەڵدەگرێ...

٣

بۆ دروێنەی گەنم پیاوەکە دەردەچێ. نازانم کێ لەسەر بـانەکەم بە دەنگــی بڵنــد قــسەی کــرد. ئەمەش، ئەو شــایانەی لە دەروازەی ماڵەکەم دانیشتوون. سەفیریش لە سەر مێزی شـاکان نـان دەخـوات. (دەبا بە دانەوێڵەی من نانیان بدەن!) پشکێنەری سـەنگ و پێوانەکـان وێڕای گشت جۆرە پاشماوەی مێش و مەگەز و
کەڵەپووشکەی ناو ڕیشی بە ڕووبارە ئاوساوەکان دادەبەزێ.

بڕۆ، بە تۆوە سەرسام دەبین، ئەی خۆر! تۆ درۆی لەم چەشنەت لەگەڵ کــردین....! گێرەشــێوێن، نــاکۆکی چــێن! خــۆراك نەفــرەت و ڕیــسوایی، ئــۆ سەرزەنــشتکەر! گلێــنەی چــاوم بتەقێــنە! لەبــن شکۆمەندییەکانی ئاهەك دڵم لە خۆشییان گماندی، باڵندە دەچریکێنێ: ((ئۆ پیری...!))، ڕووبارەکانیش لەسەر ڕێژگەکانیان وەك هاواری ژنانن و ئەم جیهانەش

لە پێستی بەرانێکی بە ڕەنگ سوورکراو، دڵگیرترە.

ها! مێژووی ئەم پەڵکانەی سەر دیوارەکانمان فراوانتـرە، ئـاویش سازگارترە وەك لە ئاوی خەونەکان، بەخشندەگی، دەبـا بەخـشندەگی بەسەردا ببـارێ کە خەونێـك نیـیە! گیـانم پـڕە لە درۆ، وەك دەریـای سەرشێت و بەهێزی ژێـر چەشــەی ڕەوانـی! بـۆنی تیـژ دامدەپۆشـێ. گومانیش لەسەر واقیعی شتەکان قیت دەبێـتەوە. بەڵام ئەگەر پیاوێـك وەك کـامەرانی خەمەکـانی خــۆی وەربگــرێ، دەبـا بە ڕۆژی ڕوونــاك پیشانی بدەن ڕای منیش ئەوەیە بیکوژین، ئەگەر نا

یاخیبوونێك بەرپا دەبێ.

باشتر: لە قازانجە بێ پایانەکانمان ئاگادارت دەکەینەوە هۆ "ڕەوانبێـژ". دەریا تاوانبارەکان بەرانبەر تەنگەکـان قەت حـاکمی لەوە تەسـکتریان نەناسـیوە! پیـاوە خرۆشـاوەکەش بە شــەرابێك کە دڵە دڕنــدە پــڕ لە گیزەگیــزەکەی خــۆی وەك کێکێــك دروســتکراو لە مێــشی ڕەش هەڵگرتووە و بەخۆ دێـتەوە و دەسـت دەکـات بە گـوتنی ئەم شـتانە: ((گوڵەباغ، ئەرخەوانی لەزەت: زەمینی فراوان بە قەد ئارەزووم، ئێ کێ ئەم ئێوارەیە سنووری بۆ دادەنێ....؟ توندوتیژی لە دڵی ژیرێك، ئێ کێ ئەم ئێـوارەیە سـنووری بـۆ دادەنــێ....؟ یەکێکــی لەم جــۆرە، کــوڕی یەکێکی وا، پیاوی هەژار،

دەسەڵاتی خەون و نیشانەکان دەگرێتە دەست.

بە پیــشاندانی ئەو ڕەنــگە زەردەی پاژنەکـــان، بە مێهمۆزەکـــان نەخشەی ئەو ڕێگەیانە بکێشن کە خەڵکی هەمەڕەگەز پێیانـدا دەڕۆن: میرەکان، وەزیرەکـان، دەریـاوانە دەنـگ ئاوسـاوەکان، ئەوانەی کـاری مەزنیـان ئەنجامــداوە و ئەوانــیش کە لە خەونــدا ئەمە یــا ئەوەیــان دەبینی... کەشیش دژ بە حەزی ژنان بۆ گیـانەوەران یاسـاکانی خـۆی داڕشت. ڕێزمانناس لە جێگەیەکی واڵا شوێنی خۆی بـۆ ئاخاوتنەکـانی هەڵــدەبژێرێ. بەرگــدروو بەرگێکــی نــوێی قەدیفەیــی زۆر جــوان لە پیرەدارێك دەدزێ. پیاوە سوزەنەکدارەکەیش جلوبەرگی خۆی لە ئـاوی سازگاردا دەشـوات. جـێگەیەکەی دەسـووتێنن، بـۆنەکەی بە شــەپۆل دەگاتە سەر کورسییەکەی و

ئەویش پێی بەتامە.

له وەرزی درویـنـەی گەنـم پیـاوەکە دەردەچێـت. بـۆنی تیـژ دامدەپۆشێ، ئاوی پاکتریش لە هیی "ژابال"[1] ئەم خوڕەیەی تەمەنێکی دیکە دووپات دەکاتەوە... لە درێژترین ڕۆژی ساڵێکی سـەرڕووتاوە، بە ستایـشکردنی خـاکی پـڕ لە مێـرگ، نـازانم کـێ بە تونـدی بەسـەر هەنگاوەکانماندا ڕۆیشت. مردووەکانی بـن لـم و میـز و خـوێی خـاك، ئەمەتا وەك تۆپیـان لـێ کـردوون و ناوکەکانیـشیان دا بە باڵنـدەکان. گیانیـــشم، گیـــانم بە هەراوزەنـــایەکی زۆرەوە لە دەروازەکـــانی مەرگ پاسەوانی دەکات، بەڵام بە میر بڵێ بێدەنگ بێ:

بەسەر نووکی ڕم لە نێوانمان ئەم کاژەلاکەی ئەسپ!

٤

قیتاری جیهان لێرەیە و لە ستایـشکردن شـتێکی دیـکەم نیـیە بیڵـــێم. دامەزرانـــدنی شـــار. بەرد و برۆنـــز. لە بەرەبەیانـــدا، ئـــاگرە دڕکاوییەکان بەردە زلە سەوز و چەورەکانی وەك قووڵایی پەرستگەکان سپی کردەوە، دەریاوانەکەش کە هەسـت بە دووکەڵەکەمـان دەکـات، دەبینێ زەمین تا لوتکە شێوەکانی خۆی گۆڕیوە. (سـووتانی گەورە کە لە دەریاوە دەبینرا و کارەکـانی ڕاکێـشانی ئـاوە زینـدووەکانیش بەرەو چیا بەردەوامە.)

بەم چەشنە بوو شار دەمەزرێنرا و لە بەیانیدا خـرایە ژێـر لێـوی نـاوێکی پـاك. هەوارگەکـان لەسـەر گردەکـان لادەبـرێن! ئـێمەش کە

---

[1] کەسایەتییەکە لە تەورات.

لێرەین لەسەر گالێرییە دارەکان، سەرکۆت و پێخاوس لەناو فێنکیی جیهان، کەواتە چیمانە وا پێدەکەنین، بەڵام چیمانە لەسەر کورسییەکانمان پێدەکەنین، بۆ دابەزینێکی کچ و بارگیرەکان؟

ئەی چی بڵێین، لە بەرەبەیانەوە، دەربارەی ئەم هەموو خەڵکەی ژێر چارۆکەکان؟ گەیشتنی ئاردە....! ئەی ئەو بەلەمانەی کە بەرزترن لە ئیلۆن لەبن تاوسی سپی ئاسمان، کە بەربەستەکەیان بڕی، لەو شوێنە مردووە وەستان کە کەرێکی تۆپیوی تیا سەر ئاو کەوتووە، (مەبەست ناوبژیکردنە لەم ڕووبارە ڕەنگپەڕیوە کە بە بێ چارەنووس، ڕەنگی ئەو کلۆیانەی گرتووە کە لەناو قۆزاخەکانیان پان کراونەتەوە.)

لەناو هەراوزەنا مەزنە فێنکەکەی ئەوبەری کەنار، ئاسنگەرەکان وەستای ئاگرەکانیانن! شریقەی قامچی لە شەقامە تازەکان مەینەتییە نەپشکوتووەکان لە عەرەبانەکان دادەگرێ. ئۆ بارگیرەکان، جەهەننەمەکانمان لەبن شمشێری مس! چوار سەری چەمووشی لێکدووراو لەبن ڕەنگی پیرۆزەیی ئاسمان ئاستێکی زیندوو دروست دەکەن. دروستکەری پەناگەکان لەبن درەختێك دەوەستن و بۆ هەڵبژاردنی گۆڕەپانەکان بیریشیان بۆ دێت. مانا و ئامانجی باڵەخانەکانم فێر دەکەن: بچمی شکۆلێنراو، بچمی لاڵ، گالێرییەکانی گلەسەر، دالانەکانی بەردی ڕەش، ستێرك لە سێبەرە کاڵەکان بۆ کتێبخانە، خانووی زۆر فێنك بۆ بەرووبوومی دەرمانناسی. ئینجا سەرافەکان وێڕای فیکەلێدان بە خۆیان و کلیلەکانیان دێن. پێشتریش پیاوێك لەوانەی کە لەسەر نێوچەوانیان ڕەنووسی خوداکانیان دەنەخشێنن بە تەنیا لە شەقامەکان گۆرانی دەچڕێ. (هەمیشە گزەگزی مێشوولە لەم گەڕەکە پڕ لە کاولگەیە!)... ئێرە شوێنی گێڕانەوەی پەیمانەکانمان نییە بۆتان لەگەڵ خەڵکی کەنارەکەی دی. ئاو لە کوندەکان پێشکەش کرا، مووچەی سوارەکان بۆ ئیشەکانیان لە

بەندەر و مزەی میرەکان بە پارەی مس درا. قەتێیەکی لەناو سۆلێك لە ساتانی بنەوشەیی پێشکەش دەکردین.)

تەنیایی! هێلکەی شین کە باڵندەیەکی مەزنی دەریایی دەیکا، مورتکەکانیش لە بەیانیدا پڕن لە لیمۆی زێڕین! دوێنێ بوو! باڵندەکەی لێ هاتە دنیاوە. سبەینێ جەژنەکان، گرمەکان، شەقامەکان بە درەختی بەردار دەڕازێنرێنەوە و کەناسەکانیش لەگەڵ کازێوە لکی وشکی گەورەی دارخورماکان هەڵدەگرنەوە، پاشماوەی باڵە زلەکان.... سبەینێ جەژنەکان،

هەڵبژاردنی حاکمەکانی بەندەر، لەژێر ساتە کزرەکانی هەڵکردنی گەواڵەش وتنەوەی گۆرانی لە گەڕەکە دوورەکانی شار.

شاری زەرد، کڵاو سێبەر، لەگەڵ دەرپێی کچەکانی لەسەر پەنجەرەکان.

***

.... لە سێیەمین مانگ هەڵاتن، ئەوانەی لەسەر دوندی گردەکان ئێشکیان دەگرت، ڕەشماڵەکانیان تێکنا. لەشی ژنێکیان لەناو لم سووتاند. پیاوێکیش لە دەروازەی بیابان هەنگاوی دەهاویشت، پیشەی باوکی بازرگانی کەموولە بوو.

## ٥

لە پێناوی گیانی تێکەڵاوم بە کاروبارە دوورەکان، سەدان ئـاگری شاران بە وەڕینی سەگ کڵپەیان سەندووە...

تەنیایی! پارتیزانە سەرسـوڕمێنەرەکانمان ستایـشی شـێوازەکانی ئێمەیان دەکرد، بەڵام هزر و بیرمان پێـشتر لەبـن دیوارەکـانی دیـکە نیشتەجێ بووبوون:

((من بە کەسم نەگوت با چـاوەڕێ بکـات.... بە ناسـکی ڕقـم لە هەمووتـان دەبێـتەوە.... ئەی چـی بڵێـین دەربـارەی ئەو سـترانەی بە ئـێمەی هەڵـدەڵێن....؟)) بردنـی بەگـی کۆمەڵێـك وێـنە بەرەو دەریـا مردووەکان، لە کوێ ئاوی شەوانە بدۆزینەوە چاومانی پێ بشۆین؟

تەنیـایی...! یاوەرەکـانی ئەسـتێرە بە کەنـاری جیهـان تێـدەپەڕن، لە چێشتخانەکان خۆیان گەیاندە ئەستێرەیەکی ماڵی.

شـا-یە هاوپەیمانەکـانی ئاسـمان لە سـەربانەکەی مـن جەنـگ دەکەن و ئاغای بەرزاییەکان، ئۆردووی خۆیانی لێ دادەمەزرێنن.

دەبـــا بە تەنیـــا لەگەڵ شـــنەی شـــەو بـــڕۆم، لەنێـــو میـــرە توانجنووسەکان، لەنێو کەوتنی ئەستێرەکان.

گیـــان بە بێـــدەنگی خـــۆی دەگەیەنێـــتە زفتـــی مردووەکـــان! پێڵووەکانمـان بە دەرزی هەڵـدووراون! سـتایش بـۆ چـاوەڕوانی بـن برژانگەکانمان!

شەو شیری خۆی دەبەخشێ، دەبا چاك پاسـەوانی لـێ بـکەن و دەبا پەنجەیەکی هەنگڤینی بە لێوی دەستبڵاو شۆڕبێتەوە:

((...... میوەی ژن ئۆ سـابیئییەکان...!)) خیـانەتکردن لە گیـانی کەمتـر زاهید و بڵاوبوونەوەی بۆن بۆگەنی پاکی شەو، بە هزر و بیرەکانم دژی چالاکی خەون خـۆم پەروەردە دەکەم، لەنـاو بـۆنی بێتـامی بەیانیـان

لەگەڵ قورینگــان ســەرهەڵدەگرم! هــا کــاتێ ئەســتێرە لە گەڕەکــی کارەکەرەکان شــەوی بەســەردا هــات، ئایــا دەمــانزانی کە پێــشتر ئەو هەموو ڕمە نوێیانە لە بیابان سەرادووی خوێی هاوینیــان دەنــا؟ ((هــۆ کــازێوە، تــۆ دەتگێــڕایەوە...)) دەســتنوێژهەڵگرتن لە کەنــاری ئــاوە مردووەکان...!

ئەوانەی بە ڕووتی لەناو وەرزی مەزن خەوتن بە کـۆمەڵ لەسـەر زەمین بێدار دەبنەوە، بێدار دەبنەوە و بە کۆمەڵ هاوار دەکەن:

ئای کە ئەم جیهــانە شــێتە...! پیرەمێــردەکە پێڵووەکــانی لەنــاو ڕۆشـــنایی زەرددا دەجـــووڵێنێ، ژنەکەش لەســـەر نینـــۆکی خـــۆی لێکدەکشێنێتەوە،

جوانووە مایینە لینجەکەش قەپۆزە مووادییەکەی خۆی دەخاتە ناو لەپی منداڵەکە، هێشتا بە خەیاڵیدا نەهاتووە چاوێکی هەڵبکۆڵێ...

((تەنیــایی! مــن بە کەســم نەوت چــاوەڕێ بکــات.... هەر کاتێـك بمەوێ بەملادا دەڕۆم...))

- بێگانە تەواو پۆشتەکەش بە هزر و بیرە نوێیەکانی، لەنــاو ڕێگەکــانی بێدەنگی، بەردەوام لایەنگیر بۆ خۆی پەیدا دەکات: چاوی پڕە لە جۆرە لیکاوێك، ئەو چی تر جەوهەری پیاوی تێدا نییە. خــاکیش بە تــۆوە باڵدارەکانییەوە، وەك شاعیرێك بە پەیڤەکانی سەفەر دەکات....

٦

پڕ هێز لەناو حکومەتە سوپاییە مەزنەکانمان، لەگەڵ کچە بۆندارەکانمان کە بەرگی لە بایان دەپۆشی: بە قوماشەکانی بەریان، لە بانە بەرزەکان تۆڕمان بۆ ڕاوکردنی بەختەوەریی داناوە.

بەرەکەت و دروستی، بەختەوەری! تا سەهۆڵ لە پەرداخەکانمان هەبێت وەك "مەمنۆن" دەتوانێ گۆرانی بڵێ... لە گۆشەی سەکۆکانیش تێکەڵاوێك لە بروسکە بزر دەکات، سینی زێڕی گەورە لە سەر دەستی کەنیزەکەکان بێزاری لم تا سنوورەکانی جیهان دەدزێ.

ئینجا ئەو ساڵە ساڵێکی با بوو لە خۆرئاوا و لەسەر سەربانە گرانبووەکانمان بە بەردە ڕەشەکان، کۆمەڵێك ئاخاوتن لە خامەکی زەق خۆیان دابووە دەست لەزەتی دەریا. سوارەکانی دوندی بەرزەخیش، گەمارۆدراو بە هەڵۆ ڕۆشنەکان و بە نووکی ڕمەکانیان کارەساتە پڕەکانی سەردەمە گەشەکانیان دەدماند و لە سەر زەریاکانیش مێژوویەکی دەگمەنیان تۆمار دەکرد.

بێگومان! مێژوویەك بوو بۆ پیاوەکان، سروودێکی هێز بوو بۆ پیاوەکان، وەك مووچڕکێکی دەریا بوو لەناو درەختێکی ئاسن! یاسا پەیڕەوکراوەکانی سەر لێوارەکانی دیکە، هاوپەیمانییەکانیش بە هۆی ژنان لەنێو نەتەوە تواوەکان، وڵاتی بە هەڕاج فرۆشراو لەبن هاواری خۆر، بەرزەبانی هێمن بووەوە و نرخاندنی هەرێمەکان لەناو بۆنی پڕ لە سەنگینی ڕۆز...

ئەمانەی ئەولا کە لەگەڵ لە دایکبوونیان پەنگرێکی وایان بۆن نەکردووە، چی دەکەن لەگەڵ ئێمە؟ دەشێ بازرگانی بە زیندووەکانیان

هەبێ بیکەن؟ ((گرفتی خۆتە هیـی مـن نیـیە فەرمـانڕەوایی نادیـاری بـکەی...)) ئـێمە کە لەوێ بـووین، لە سـنوورەکان ڕووداوی مەزنمـان بەرپاکرد و کردەوەکانمان تا ئەوپەڕی سـنووری هێزمـان دەیـانبردین، شادیمان لەگەڵ ئێـوە شـادییەکی مەزن بـوو. ((ئەو ڕەگەزەی لەسـەر پردەکـان هەوارگەی خـۆی دانـاوە دەناسـم: سـوارە هارەکـانی نـاو کێڵگەکان، بـڕۆن و بەوانەی ئەمـلا بڵـێن: ترسـێکی مەزن لەگەڵمـان ڕادەکات! کردەی زۆر و بـێ پێـوانە، ئیـرادەی بەهێـز و پەرژکەرەوە و دەسەڵاتی پیاویش وەك هێشووە ترێیەکی نـاو ڕەز خـورا... بـڕۆن و بە جوانی بڵێن: ڕەفتاری توندوتیژمان، ئەسپە زاهید و تیژڕەوەکانی سـەر تـۆوی یـاخیبوون و کـلاوە بۆنکراوەکانمـان بە تـۆقینی ڕۆژ. لە وڵاتە ماندووبووەکان کە تێیاندا سەرلەنوێ دەبـێنەریتەکـان فێـربینەوە، ئەو هەموو خێزانانەی وەك باڵندە بخـوێنە زینـدانکراوەکان دەبـێ دروسـت بکـرێنەوە. لە چـۆنیەتی هەڵـسووکەوتمان دەمـانبینن، کـۆکەرەوەی نەتەوەکان لەبن عەمبارە بەرینەکان، خوێندنەوەی مۆرەکان بە دەنگـی بڵند، بیست نەتەوەش لەژێر یاساکانمان هەموو زمانەکان دەزانن....

((پێـشتریش ئێـوە مێـژووی چەشـەکانیانتان دەزانـی: کاپیتـانە هەژارەکانی ڕێگەوبانە نەمرەکـان، هـاتنی بەگزادەکـان بە کـۆمەڵ بـۆ سلاوکردن لێمان، تەواوی دانیشتوانە نێرەکانی ساڵ ویڕای خواکانیـان لەسەر گۆپالان، میـرە کەوتووەکـانی نـاو لمـی بـاکووریش، کـچە دڵ نەرمەکانیـان بـۆ ئاسـوودەییمان دەسـتبلاوییان بە وەفـای خۆیـانەوە دەکرد، ئاغاکەش دەڵێ: باوەڕم بە بەختی خۆم هەیە...

((یانیش شتەکانی ئاشتییان بۆ بگێڕەوە: لە وڵاتە داگیرکراوەکـان بە بەختەوەری و بۆنی گۆڕەپان و قەیرەژنان و پارە زەردەکان، پـوولی پاك، بەکارهێنراو لەبن دارخورماکـان، نەتەوەکـانیش لەسـەر بەهـاراتە تیژەکان لە ڕۆیشتنن، کەلـوپەلە سـوپاییەکان، بازرگـانییە مەزنەکـانی دەسەڵات سەرەڕای نارەزایی ڕووبارەکان، پرسە و ستایشی هاوسێیەکی

بەهێــــزی نیـــــشتەجێی بەر ســــێبەری کچەکـــانی و گــــۆڕینەوەی پەیامەکـانیش لەسـەر سـینییە زیڕەکـان، پەیمانەکـانی دۆسـتایەتی و سـنوور دیـاریکردن، ڕێککەوتنــی نەتەوەیەك لەگەڵ یەکێکــی دیـکە دەربـــارەی بەربەســـتی ڕووبارەکـــان و خـــێڵە ڕاپەڕیوەکـــانی وڵاتە خرۆشاوەکان! (دروستکردنی عەمباری ئاو، هیی دانەویڵە، باڵەخـانە بـۆ سـوارەکان، کاشـییەکان بە ڕەنگـی شـینێکی زەق و ڕێگەکـانیش لە خشتی ڕۆز، بڵاوکردنەوەی قوماشەکان بـۆ ڕابـواردن، خۆشـاوی ڕۆز و هەنگڤین و ئەو جوانـووە مـاینەی لەنـاو جانتـا سـەربازییەکان لێمـان لەدایکبـوو، بڵاوکــردنەوەی قوماشــەکان بـۆ ڕابـواردن و لە ئـاوێنەی خەونەکانیشمان کە زەریـا شـیرەکانمان ژەنگـاوی دەکـا، دابەزینـیش ئێـــوارەیەك لە هەرێمەکـــانی لێـــوار دەریـــا، بەرەو وڵاتـــی ڕابـــواردنە مەزنەکانمان، بەرەو کـچە ((بۆنـدارەکانمان، کە بە شـنەیەك هێورمـان دەکەنەوە، ئەم قوماشانە...))

- بەم چەشنە هەندێ جـار دەروازەکانمـان بە چارەنووسـێکی بێهاوتـا پەلەیانە و لەسەر هەنگاوە خێراکانی ڕۆژیش، لەم لایەی جیهان، هەرە بەرینتــر، کە دەســەڵات لێیــدا هەمــوو ئێــوارەیەك، ســەری خــۆی هەڵدەگرێ، تەواوی دڕکە بێوەژنەکان، بەڵام ئێـوارە، وێـڕای چەپکێـك بۆنی بنەوشەیی و ئارجیل لەنـاو دەسـتی کـچە ژنەکانمـان، زیـارەتی پڕۆژەکانی دامەزراندن و سامانیان دەکردین

کزەبایەکانیش لە قووڵایی تەنکاوە چۆڵەکان دەخەوتن.

# ٧

بۆ هەمیشە لەم خاکە زەردانە دانانیشین کە شادیمانن....

هاوین لەو ئیمپراتـۆرییەی لەسـەر مێزەکـانی ئاسـمان چەنـدین چینە وەرز هەڵدەواسێ، بەرینترە. خاکی بەرین بە نەزمـی خـۆی و بە پڕیی لەبن غوبار پەنگرە سـستەکەی خـۆی غلـۆر دەکـاتەوە، ڕەنگـی کبریـت، هیـی هەنگڤـین، ڕەنگـی شـتە نەمرەکـان، تەواوی زەمینـی داپۆشـــراو بە گیـــا، بە پووشـــکەی زســـتانەکەی دیـــکە خۆیـــان هەڵدەگیرسێنن و لە نیانیی سەوزی تاقە درەختێکیش ئاسمان شیلەی وەنەوشەیی خۆی دەمژێ.

شوێنێك لە بەردی گرانیت! تاقە تۆیەکی پاك لە ڕیشەکانی بادا نییە، ڕۆشناییش وەك ڕۆن، لە درزی پێڵووەکـان تـا تیغـی دونـدەکان لەگەڵ خۆم یەکـدەگرم، دەزانـم بەردە گوێچکەدارەکـان، هـاتوچوونی پۆلەکانی بێدەنگی لە شانەکانی ڕۆشنایی، دڵیشم بۆ خێـزانە کلـۆیەکە دەسووتێ....

وشترمای ناسکی ژێر برینگ، بە برینی وەنەوشەیی کـاڵ دووراو، دەبا گردەکان لەژێر بەخششەکانی ئاسمانی زەمینی هەنگاو بنێن، دەبا بە بێدەنگی لەسەر جۆش و خرۆشە سیسەکانی دەشت هەنگاو بنـێن، لە کۆتـاییش لەنـاو دووکەڵـی خەونەکـان کڕنـۆش بـبەن، لەوێ لەو شوێنەی نەتەوەکان بە غوباری مردووی خاك خۆیان لەناو دەبەن.

ئەمانە گەلێك هێڵی مەزن و هێمنن کە تا شینهەڵگەڕانی تـرێیە ئەستەمەکان دەڕۆن. خاکیش بێجگە لە تەنیا جێگەیەك وەنەوشـەکانی گەواڵەی پێگەیانـد، دووکەڵـــی ئەم لـــمەش کە لەجیـــاتی ڕووبـــارە مردووەکان بەرز دەبێتەوە، وەك پارچە سەدەکان لە سەفەردایە....

بە دەنگی نزمتر بۆ مردووەکـان، بە دەنگـی نزمتـر لە ڕۆژدا. ئەو هەموو هێمنییەی دڵی مرۆڤ، دەبێ بتوانێ شوێنی خۆی بدۆزێتەوە...؟ ((قسە بۆ تۆ دەکەم، گیانەکەم! تەواوی گیانم بە بۆنی ئەسپێك نغـرۆی تاریکی بووە!)) هەندێ لە باڵندە مەزنەکانی زەمینیش، کە لە خۆرئـاوا دەفڕن، لە لاساییکەرەوە باشەکانی باڵندە دەریاییەکانمانن.

لە خـۆرهەڵاتی ئاسـمانی زۆر سـیس، وەك شـوێنێکی پیـرۆزی مـۆرکراو بە جلـوبەرگی کـوێرەکە، هەوری ئاسـوودە بە خـۆ دەکەون، تیایاندا سەرەتانی کـافوور و شـەیپوور دەسـووڕێنەوە.... ئەو دووکەڵەی کە بایەك بە گژماندا دێنێ! خاکیش لەناو ڕیشی زیندەوەرەکانی گشتی چاوەڕێیە، زەمین مناڵی موعجیزەکانە.

لە نیوەڕۆش، کە درەختی شیلان بنکەی گۆڕەکان شەق دەکات، پیاوەکە پێڵووەکانی دادەخات و پشتی ملی لەناو سـەردەمەکان فێنـك دەکاتەوە.... سوارە خەونەکانیش لە شوێنی تۆزە مردووەکان، ئـۆ ڕێـگە بێماناکـان کە تـاکە بـایەك تـا لای ئـێمە پەرش دەکەن! لە کـوێ بدۆزینەوە، جەنگاوەرەکان لە کوێ بـدۆزینەوە لەنـاو زەماوەنـدەکانیان پاسەوانی ڕووبارەکان بکەن؟

لە هاژەی ئاوە بەخـوڕە مەزنەکـانی سـەر خـاك، گـشت خـوێی سەرزەمین لەناو خەونەکانیان ڕادەچڵەکێن. لەناکاویش، ئاهــ! لەناکـاو ئەم هەموو دەنگانە چییـان لە ئـێمە دەوێ؟ کۆمەڵێـك ئـاوێنە لەسـەر ئێسقانگەی ڕووبارەکان بەرزکەنەوە کە هاوارێك بخـاتە نـاو پاشـماوەی سەدەکان! بەردەکان بۆ شـکۆمەندیی مـن بەرزکەنەوە، بەردەکـان بـۆ بێدەنگی بەرزکەنەوە، بـۆ پاسـەوانی ئەم شـوێنانەش سـواری بڕۆنـزی سەوز لەسەر شەقامە بەرینەکان...!

(سێبەری باڵندەیەکی مەزن بەسەر ڕووخسارمدا تێدەپەڕێ.)

## ٨

یاسا بۆ فرۆشتنی مایینەکان. یاسا کۆچەرەکـان. خۆشـمان. (ڕەنگـی پیـاوان.) هاوەڵەکانمـان گەردەلـوولی بەرزن لە سـەفەردان، سـەعاتن لەسـەر زەوی دەڕۆن، ڕێـژنە سـەنگینەکانیش لە مـاددەیەکی سەرسوڕمێنەر، لە غوبار و زیندەوەر چنراو، چەشنی وەرگرتنی سەرانە لەناو لم سەرادووی نەتەوەکانمانی دەنا...! (بە ئەندازەی دڵمان بـوو ئەو هەموو نادیارییە خورا!)

***

نەك لەبەر ئەوەی هەنگاوەکە نەزۆك بوو: لە ڕەوتی گیانەوەرە بـێ پەیمانەکان (ئەسپە پاکە چاو نۆبەرەییەکـان)، کۆمەڵێـك شـت لەسـەر تاریکـستانی گیـان وەئەسـتۆ گیـرا، زۆر شـت بـۆ ڕابـواردن لەسـەر سنوورەکانی گیان، مێژووی گەورەی تاوسیی لە گـڤەی بەردەقـانی و زەمینیش پێشکەش بە لێکدانەوەکان کرا...

شتێکی دیکە: ئەم سێبەرانە، کەمتەرخەمییەکانی ئاسمان بەرامبەر زەوی....

سواری میانەی خێزانە مرۆڤی لەم جـۆرە، کە هەنـدێ جـار ڕەق وەك باڵندە تێیاندا دەخوێنێ، قـامچی لە وشـە خەسـاوەکانی بەختەوەریـی ڕاست بکەینەوە؟ پیاو، بارە حسابکراوەکەت بە گەنم بکێـشە. وڵاتێکـی وا هیی من نییە. بێجگە لە بزووتنەوەی ئەم گیایە جیهان چیی دانێ؟

***

تا ئەو شوێنەی پێی دەوترێ داری وشك:
بروسکە لەڕەکەش هەرێمەکانی ڕۆژئاوام بۆ ڕام دەکا.
بەڵام لەودیو مەزنترین ڕابواردن هەیە و لە وڵاتێکی بەرینی گیا و گۆڵی بێ یاداشت، ساڵە بێپێوەندییەکان و بێ یادکردنەوەکان، بە گزنگ و ئاگر بەتام کراون.
(قوربانیی دڵی مەڕێکی ڕەش لە بەرەبەیاندا.)

***

هۆ ڕێگەکانی زەمین کە یەکێك پێتدا دەڕوات، دەسەڵات بەسەر هەموو نیشانەکانت.
ئۆ گەڕۆکی ناو بای زەرد تامی گیان....! تۆش دەتوت ئەو تۆوەی گوێزی هیندی هەیەتی، کە وردی دەکەین، فەزیلەتی سەرخۆشکەرن.

باوەڕێکی مەزنی تۆقین سەرداری نەریتی دەکردین!

٩

لەوەتەی ئەو ماوە زۆرەی بەرەو خۆرئاوا دەڕۆیشتین، چیمان دەربارەی شتە تەمەن کورتەکان دەزانی...؟ لەناکاویش هەوەڵین دووکەڵ لەبەر پێمان:
- ژنە جاحێڵەکان! سروشتی وڵاتێکیش تێیاندا تەواو بۆندار خۆی دەدۆزێتەوە:
((... هەواڵی هەڵکردنی هوڕەیەکی مەزنت پێ ڕادەگەیەنم و بێوەژنە هاوارکەرەکانیش لەسەر ڕەوینەوەی مردووەکان.

ئەوانەی لەنــاو بەکارهێنــان و تیمــاری بێــدەنگی پیــر دەبــن، دانیشتووی سەر بەرزاییەکان، لە کەشتیگە نامۆکان حـساب بـۆ لـم و ناوبـــانگی ڕۆژ دەکەن: بەڵام لەزەت خـــۆی لە تەنکێـــشەکانی ژن پێکدەهێنیێ،

لەناو لەشە ژنەکانیشمان شتێك وەك هەوێنی ترێی ڕەش هەیە و تێیاندا حەسانەوەیان لەگەڵ ئێمە نییە.

((... وەرزەکــانی چــاکەیەکی مەزن و شاباشــی ســەرچاوەکانی نــاو خەونەکانمانت پێ ڕادەگەیەنم.

ئەوانەی دەزانن سەرچاوەکان لەم مەنفایە لەگەڵ ئێمەن، ئەوانەی سەرچاوەکان دەناسن ئێوارە پێمان دەڵێن

لەژێر کام دەست ترێی تەنکێشەکانمان دەگوشرێن و

لەشمان بە لیکێك خۆی پڕ دەکـات؟ (ژنەکەش لەنـاو گژوگیـا لەگەڵ پیاوەکە جووت بوو، هەڵدەستێتەوە، لۆچەکانی لەشی ڕێـك دەخـات و کلۆش لەسەر باڵی شینی دەفڕێ.)

((... وەرزەکانی هەڵکردنــی هــوڕەیەکی مەزنــت پــێ ڕادەگەیەنــم، شەویش لەگەڵ وەڕینی سەگان، ئـارەزووی خـۆی لە کەلەکەی ژنـان وەردەگرێ.

بەڵام بێگانەکە، شکۆلێنراو بە شیرەمەنی، بە میوە لەبـن ڕەشـماڵەکەی دەژییێ، ئاوی تازە و فێنکی بۆ دەهێنن

تاکو دەم، ڕووخسار و چووکی خۆی پێ بشوا.

شەوان بەرزەژنی نەزۆکی بۆ دەهێنن (هـا! ئەو بە ڕۆژ شــەوچەرەترە!) لەوانەیە لەزەتی خۆی لە منیش وەرگرێ. (نـازانم ڕەفتارەکـانی لەگەڵ ژنان چۆنن.)

((... وەرزەکــانی چــاکەیەکی مەزن و شاباشــی ســەرچاوەکانی نــاو خەونەکانمانت پێ ڕادەگەیەنم.

بەم چەشنە وەك شوێنێكی پڕ هەنگڤینی نێـو تەپۆڵكەكـان، لەنـاو ڕۆشنایی دەمم بكەوە، ئەگەر هەڵەشیان لە من دۆزییەوە، با دەربكرێم! یانیش، بەبن ڕەشماڵەكاندا بڕۆم، بە ڕووتی بڕۆم، بە تەنیشت گۆزەكە، بەبن ڕەشماڵەكە، هاوەڵی گۆشەی گـۆڕ، تـۆ، مـاوەیەكی زۆر بێـدەنگ لەبن درەختە كچەكەی هەنـاوم دەمبینـی.... جـێگەیەك لە خواسـت و ئارەزوو لەبن ڕەشماڵ، ئەستێرەی سەوز لەناو گۆزە، دەبا منیش لەبـن دەسەڵاتت بـم! جـگە لە گـۆزە ئـاوی فێنـك هـیچ كەنیـزەیەك لەبـن ڕەشماڵ نییە! (دەزانم بـێ ئەوەی ئەسـتێرەی سـەوز بێـدار بـكەمەوە، پێش خۆرهەڵاتن دەرچم، كلۆی بەر دەروازە و وەڕینی گشت سـەگی سەرزەمین.) وەرزەكـانی چـاكەیەكی مەزن و شاباشـی ئێـوارەی سـەر پێڵووە تەمەن كورتەكانمانت پێ ڕادەگەیەنم...

بەڵام هەنووكە هێشتا هەر ڕۆژە.))

***

- بە پێوە وەستانی سەر پارچە ڕۆژێكی تریـسكەدار، لە دەروازەی وڵاتێكی مەزنی پـاكتر لە مەرگ، كچەكـان بە هەڵـدانەوەی لچكێكـی كراسە نەخشینەكانیان میزیان دەكرد.

١٠

شەپقەیەكی گەورە هەڵبژێرە كە لێـوارەكەی دڵفـڕێن بێـت. چـاو سـەدەیەك لە هەرێمەكـانی گیـان دەكـشێتەوە. لە دەرگـا ئـاهەكییە زەقەكە شتەكانی دەشت دەبینین: شتە زیندووەكان، ئۆ شتە نایابەكان! قوربانیی جوانووە مایینەكان لەسـەر گـۆڕی منـداڵەكان، پـاكبوونەوەی بێوەژنەكان بە ڕۆز و كۆبوونەوەی باڵندە كەسكەكان لە حەوشەكان

## له شەرافەتی پیرەکان!

گەلێك شت لەم سەرزەمینە بۆ بیستن و بۆ بینینە، شتە زیندووەکانی نێوانمان! بە یادی لەدایکبوونی درەختە مەزنەکان، بەرپاکردنی جەژن لە گۆڕەپانان و مەراسیمی گشتیش لە شەرافەتی گۆمێك، پێشکەشکردنی بەردە ڕەشە تەواو خڕەکان، دۆزینەوەی کانی لە هەرێمە مردووەکان، پیرۆزکردنی قوماشەکان، بەسەر نووکی ڕمەوە، لە نزیك ملان و سڵاوە دژوارەکانیش، لەبن دیواران، بۆ ئەتککردنی گەورەکان لەبەر هەتاو، بۆ بڵاوکردنەوەی جلوبەرگی زەماوەندەکان. هێشتاش شتی دیکەش لە بەرزایی سەردەمەکانمان: تیمارکردنی گیانەوەرەکان لە گەڕەکەکانی لێواری شار، هاتوچوونی خەڵك لە پێش قەیچەوان، بیرەوان و خەسێنەرەکان، بە نەزم و شنەی دروێنەکان ماملەتێکی زۆر لەسەر سەربانەکان و فێنککردنەوەی شیناوەردەکان بە نووکی شەنەکان، دروستکردنی شوورەکان لە سواڵەت و ڕۆز، وشککردنەوەی گۆشت لەسەر سەکۆ، گالێری بۆ کەشیشەکان، دروستکردنی کاپیتانگە، دالانی گەورە بۆ بەیتەرخانە، سوخرەکێش بۆ چاککردنەوەی ئەو ڕێگەیانەی بارگیر پێیدا دەڕوات، تووڵەڕێی ناو گەلییەکان، دروستکردنی پەناگە لە شوێنە نادیارەکان، نووسینەکان بۆ گەیشتنی کاروانەکان و دەرکردنی پاسەوانەکان لە گەڕەکی سەڕافەکان، شکۆمەندییە نوێیەکانی بن بانیژە، بەرامبەر تاوە قرچەقرچکەرەکان، نارەزایی قەرزارەکان، تێکشکاندنی گیانەوەرە موو سپی و چاو سوورەکان، کرمە سپییەکانی بن زەوی، ئاگری بنە دڕکەکان و دڕکی شوێنە پیسبووەکان بە مەرگ، دروستکردنی نانێکی جوان لە جۆ و کونجی، یانیش لە گەنم، دووکەڵی پیاوانیش لە گشت شوێنێك.

ها! هەمــوو چەشــنە پیاوێـك بە دەنـگ و شـێوازەكانیان: بخـۆری زینــدەوەرەكان، هیــی میوەكــانی ئــاو، هەڵگــری مەزلەمە و ســامان، جووتیار و دەرزی ئـاژنكەر و خـوێفرۆش، بـاجگر، ئاسـنگەر، شـەكر و دارچین فرۆشەكان، پەرداخ لە كـانزای سـپی و شـەیپوورەچرا! ئەوەی جلوبەرگێك لە چەرم دەدووریٚ، كورسـییەكان لە دار و دوگمەكـان لە شێوەی زەیتوون دەتاشیٚ، ئەوەی شـێوازەكانی خـۆی دەداتە زەمـین، پیـاوی هـیچ پیـشەیەك: پیـاوی بـاز، پیـاوی فلـووت، پیـاوی مـێش هەنگڤـــین، ئەوەی كە هەوەس لە زایەڵەی دەنـــگەكەی خـــۆی وەردەگــریٚ، ئەوەی كە كــاری خــۆی لە تێڕامــانی بەردێكــی ســەوز دەدۆزێتەوە، كە بۆ ئارەزووی خۆی ئاگرێـك لە سـووتاندنی توێكڵەكـان لەسەر بان دەكاتەوە، كە جێگەیەك لە پەلكی بۆندار بـۆ خـۆی لەسـەر زەوی دروست دەكـات، كە لێـی دەخەویٚ و پاڵـدەداتەوە، كە بیـر لە هێڵكــارییە ســیرامیكییە ســەوزەكان دەكــاتەوە بــۆ ســتێركی ئــاوە زینــدووەكان، ئەوەش كە گەشــتی زۆر كــردووە و بیــر لە ڕۆیــشتن دەكاتەوە، كە لە وڵاتی بـارانە مەزنەكـان ژیـاوە، كە یـاری زار، هیــی جگ، هیی لگاو دەكات، یان مێزەكانی ژمێریـاری لەسـەر خـاك بـڵاو دەكاتەوە، ئەوەی كە ڕوانینی دەربارەی بەكارهێنـانی كالباسـێك هەیە، ئەوەی بە پێیەكـانی بـازێكی مـردوو وەك بـارە دارێـك بە دوای خـۆی ڕادەكێشێت (پەڕەمووچ بە دیاری پێشكەش كـرا، نەخێـر فرۆشـرا، بـۆ ڕازاندنەوەی تیرەكان)، ئەوەی كە هەڵاڵە لەناو كەشتییەكی دارین كـۆ دەكاتەوە (ئارەزووی منیش، دەیوت، لەناو ئەو ڕەنگە زەردەیە)، ئەوەی كە شیرینە نـان، كـرمە سـپییەكانی دارخورمـا، توودڕكـان دەخـوات، ئەوەی كە حەز لە تـــامی شـــاهی دەكـــات، ئەوەی كە خەون بە بیبەرێكەوە دەبینیٚ، هێشتاش، ئەوەی كە كۆنە بنێشتێك دەجـویٚ. كە سەدەفێكی لە گوێیە، ئەوەش كە بە نهێنی چاودێری بۆنی بلیمەتی لە قەڵێشە تازەكانی بەرد دەكـات، ئەوەی بیـر لە لەشـی ژن دەكـاتەوە،

پیاوی شەهوانی، ئەوەی کە گیـانی خـۆی لە شـەوقدانەوەی تیغێکـدا دەبینێ، پیـاوی پـسپۆڕی زانـستەکان، لە ژیـانی ناودارەکـان، پیـاوی دیاری نـاو مەجلیـسەکان، ئەوەی کە نـاو لە ئاوپژێنەکـان دەنـێ، کە لەژێر درەختەکان کورسییەك پێشکەش دەکات، کە خـوری ڕەنگکـراو پێشکەش بە حەکیمەکان دەکات، لە چوارڕیانەکانیش جـامی گەورەی برۆنزی بۆ تێنوێتی مۆر دەکـات، باشـتریش، ئەوەی کە هـیچ ناکـات، پیاوی لەم جۆرە و بەم چەشنە لەنـاو شـێوازەکانی و هێـشتا گەلێکـی دیکەش، قەتێ هەڵگرەوەکانی ناو کەلێن و قوژبنەکانی خـاك، ئەوانەی لەناو دڕکەکان هێلکەی پنت پنتی کەسـك هەڵـدەگرنەوە، ئەوانەی لە ئەسـپ دادەبەزن بـۆ هەڵگـرتنەوەی شـتەکان، ئاقیقەکـان، ئەو بەردە شینە هەڵبزڕکاوەی کە لە دەروازەی گەڕەکە دوورەکان دەیتراشن (لە شێوەی کاڵان، جـگەرەدان، ئـاوزێنە، یـان ئەو هەڵماتـانەی بـۆ غلـۆر کـردنەوەن لەنـاو دەسـتی ئیفلیجەکـان)، ئەوانەی لە گۆڕەپانـان بە فیکەلێدان سندوقەکان دەنەخشێنن، پیاوی گۆپاڵ عاج، پیـاوی سـەر کورسـیی حەیـزەران، گۆشەنـشینی ڕازاوەی نـاو دەسـتی کیـژ و جەنگاوەری لەکارکەوتوو کە ڕمەکەی خۆی لەبەر دەروازەکەی چەقاند بۆ بەستنەوەی مەیموونێـك.... هـا! هەمـوو جـۆرە پیاوێـك بە دەنـگ و شێوازەکانیان، لە ناکاویش! ئەو هەقایەتخوانەی کە جـێگەکەی خـۆی لەبن دار قەزوان دەکاتەوە، بە جلوبەرگی ئێوارەیەوە پەیدا بوو، گـشت مەسەلەیەکی دەربارەی ئێستا لە ئەستووری لەت دەکرد....

ئـۆ وەچەناسـی سـەر گۆڕەپـان! چەنـدان مێـژووی خێـزان و ڕەچەڵەکان؟ دەبا مردوو زیندوو بگرێ، هەر وەکو لە لەوحەی یاساناس نووسراوە، ئەگەر هەموو شتێکم لەناو سێبەر و نرخێك شایانی تەمەنـی خـۆی نەبینـی: کۆگایەکـانی کتێـب و سـاڵنامەکان، گۆڤارەکـانی ئەستێرەناسـی و جـوانی گۆڕەکـان، پەرسـتگەی زۆر کـۆنی بـن دارخورماکان، نشینگەی بارگیرێك و سێ مریـشکی سـپی، لەم دیـوی

سـێرکی نیگـام گەلێـك کـردەوەی نهێنـی لە ڕێـگەدان: هەوارگە تێکنراوەکان بەو خەبەرانەی کە ناتوانم بیانگرم، بێشەرمیی نەتەوەکـان لەسەر گردەکان و پەڕینەوەکان لە ڕووبار بە کەڵەك، سوارە پەیماننامە هەڵگرەکـان، کەمینـی نـاو ڕەزەکـان، تـالان بردنەکـانی قـووڵایی گەرووەکان و ئەمسەر و ئەوسەرکردنی ناو کـێڵگە بـۆ فڕانـدنی ژنێـك، تاووتوێکەرەکان و فێڵەکانیان، پەڕینی وڵاغەکـانی نـاو دارسـتان لەبەر چـاوی منـدالان، بەخۆهـاتنەوەی پێغەمبەرەکـانیش لە قـووڵایی گەوڕەکان، گفتوگۆی لاڵی دوو پیاوی ژێر درەختێك...

بەڵام سەرەڕای کـردەی مرۆڤەکـانی سـەر زەوی، گەلێـك نیـشانە لەسـەفەردان، گەلێـك تـۆ لە سـەفەردان، لەژێـر جەژنـی سـەردەمە خۆشـەکانیش، لەنـاو بـایەکی گەورەی زەمـین، گـشت پەڕەمـووچەی دروێنەکان....

تا کاتی ئێوارە کە ئەسـتێرەی مـێ، شـتێکی پـاك و دڵنیـایە لە بەرزاییەکانی ئاسمان....

خاکی بە خەون چێنراو! کێ باسی بنیاتنانی دەکات؟

- زەویم بینی دابەشی کۆمەڵێك پارچە خاکی بەرین کرابـوو، بیریـشم قەت لە کەشتییەوانەکە غافڵ نییە.

# ستران

ئەسپەکەم لەبن درەختێکی پڕ لە قومری وەستا، چریکەیەك لێ دەدەم چریکەیەك ئەمەندە پاك، پەیمان بۆ هیچ کەنارێك نەبێ کە ئەم هەموو ڕووبارانەیان لەباوەش گرتووە. (گەڵا زیندووەکانی بەیانیان وێنەی شکۆمەندییان هەیە)...

***

هەر ئەوەندە نییە پیاوێك غەمبار بێ، بەڵام هەڵسانەوە پێش ڕۆژهەڵاتن و بە ئەسپایی خۆگرتن لەناو بازرگانی پیرە درەختێك، چەناگە خستنە سەر دوا ئەستێرە، لە قووڵایی ئاسمانی بە ڕۆژ و شتە گەورە پاکەکان دەبینێ کە لە خۆشییان دەسووڕێنەوە.....

***

ئەسپەکەم لەبن درەختێك وەستا دەخوێنێ، چریکەیەك لێ دەدەم چریکەیەکی پاکتر... ئاشتیش لەگەڵ ئەوانە بێ کە لە سەرەمەرگن، کە قەت ئەم ڕۆژەیان نەبینی، بەڵام لە برا شاعیرەکەمەوە خەبەرمان بۆ هاتووە، ئەم جارەش شتێکی زۆر هێمنی نووسیوە، هەندێ کەس شتی لە بارەوە دەزانن.

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٧

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێڕان |
|---|---|---|---|
| ٨١٢ | سلێمانییەکان (کۆمەڵەچیرۆک) | فاروق هۆمەر | |
| ٨١٣ | شوناسی عیراق ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان | شێرکۆ کرمانج | |
| ٨١٤ | کوردەکان و وڵاتی کوردەواری | مێجەر شێخ عەبدولواحید | ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی |
| ٨١٥ | گفتوگۆ لەگەڵ کافکا | گوستاڤ یانوخ | کەریم پەرەنگ |
| ٨١٦ | فەلسەفەی هونەر | د. محەمەد کەمال | |
| ٨١٧ | دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت | ناتاشا ئیزرو ، ئێریکا فرانتز | د. بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا |
| ٨١٨ | دۆستۆیڤسکی | هێنری ترۆیا | حەمەکەریم عارف |
| ٨١٩ | یادەوەرییەکانی ژێرزەوی | فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی | ڕەئووف بێگەرد |
| ٨٢٠ | گەران لەنێوان واقیع و خەیاڵدا | عەتا قەرەداخی | |
| ٨٢١ | ویرانەپیاو | عەبدولعەزیز بەرەکە ساکن | سەباح ئیسماعیل |
| ٨٢٢ | وەرگێران | میشل ئۆستینۆف | فەرشید شەریفی |
| ٨٢٣ | ڕەهەندەکانی حەسەن زیرەک | عادل محەمەد | |
| ٨٢٤ | ئەنتوان چیخەف | دانا ڕەئووف | |
| | | | |
| | | | |